# ئەنفالی بادینان

# کیمیاباران و کۆمەڵکوژی و ئەشکنجەدان لە قەڵای نزارکێ

عومەر محەمەد

٣٠ی ئابی ٢٠١٧ – سلێمانی

**بەرایی**



**دەبوو ئەم بەدواداچوونەم لەرۆژی ٢٨ی ئابدا لەیادی ئەنفال وکۆمەڵکوژی کورێمیدا بڵاوببوایەتەوە، بەڵام بەهۆی میوانداری و ئەرکی کۆمەڵایەتیمەوە، کارەکەم دواکەوت بۆ رۆژی دواتر، کەچی بەداخەوە دیسان زۆری برانی کارەبا کە لەماوەی ٢ رۆژدا ١٨ جارکارەبام بەسەردا کوژایەوە، بەهۆیەوە منیش لەئەرکەکەم دواکەوتم بەهیوام کارێکم کردبێت جێگەی رەزامەندی ئێوەی خۆشەویست بێت .**

**هەر لەم سەرەتایەشەوە دەمەوێت سوپاسی هاورێ وهاوکارم خاتوو عەدالەت عومەر بکەم کە هەر ٦٠ لاپەرەی راپۆرتەکەی پێشەوای فەیلەقی پێنج لیوارکن یونس محەمەد زەربی بۆ ناردم، کە بۆ بەراورد لەگەڵ راوبۆچوونەکانی تیمەکەی مێدڵ ئێست وۆچ سودێکی زۆرم لێ بینی .**

**بەرەویادی ئەنفالی بادینان**

٢٥ی ئاب یادی ئەنفالی بادینان و ٢٨ی ئاب یادی کۆمەلکوژی گوندی کورێمی یە، ئەنفالی ناوچەی بادینان کە لە ٢٤ی ئاب بە بۆردومانی کیمیایی دەستی پێکردو هەتا ڕۆژی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ی خایاند و دواتر بەیانی کۆتایی بە ئەنفالی کۆتایی یاخود (خاتمة الانفال) دەرچوو، یەکێکە لە مەترسیدارتین قۆناغەکانی ئەنفال، بەیانی کۆتایی لەدوای پەلامارەکانی ئەم ناوچەیە دەرچوو، بەهۆیەوە ناونرا بەیانی کۆتایی و هەرئەو رۆژە لە دەزگاکانی ئەوسای دەوڵەتی عێراق و میدیاکانی حزبی بەعسدا بڵاوکرایەوە.

ئەگەرچی ئەنفالی بادینان لەچاو ناوچەکانی تر کەمترین بایەخی پێدراوەو هەتا ساڵی ٢٠١٢ تەنانەت خەڵکی ناوچەکەش یادیان نەدەکردەوە، تەنانەت وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان بە گومانەوە لێی پرسیم ئایا ئەوەی دەربارەی ئەنفالی بادینان دەینوسم و باسی دەکەم ڕاستە؟! ئایا ئەوەی باسی دەکەیت

دەربارەی دەربازبووەکان دڵنیایت لەوەی راسته؟ تەنانەت گوتی نەمبیستووە بادینان کۆمەڵکوژی تێداکرابێ؟ لەوەڵامدا پێمگوت وەرە باپێکەوە بچینە شوێنی کۆمەڵکوژییەکەو لە نزیکەوە قوربانیەکان و شایەتحاڵەکان و گۆری ئەوانەش لە گوندی کوریمێ ببینە، ئەم دیدارەمان بەئامادەبوونی هاوڕێی بەرێزم خاتوو عەدالەت عومەر ساڵح بوو، بەهەرحاڵ دواتر لەگەڵ وەزیر رێککەوتین لەسەر ئەوەی سەردانێکی کوریمێ بکەین تەنانەت وەزیر گوتی زۆرباشە دەچین با عەدالەت خانیش لەگەڵمان بێت، خاتوو عەدالەتیش پێشنیاری ئەوەی کرد کەوا لە ٢٨ی ئابی ساڵی ٢٠١٢ پێکەوە بچین بۆ کوریمێ ئێمەش بە پێشنیارەکەی قایل بووین، کەچی وەزیر بۆخۆی بەکاروانێک ئۆتۆمبیلەوە لەو ڕۆژەدا خۆی کرد بەکوریمێداو لەوێ وتارێکی دا، بێ ئاگالەوەی من لەوێم، کە چاوی پێمکەوت بەبزەیەکی ساردەوە گوتی: ئەوە تۆش لێرەی !

## فەرامۆشکردن و لەیادکردن

ئەفسوس ! ئەگەر ئەنفال بەگشتی وەک دۆسیەیەک فەرامۆشکرابێت ئەوا ئەنفالی بادینان هێندەی نەمابوو بچێتە خانەی لەیادکردنەوە، ئەوتاوانە تەنها لەراپۆرتەکەی مێدڵ ئیست وۆچدا گرنگی وەرگرتووە، ئەگەرچی هەندێک کتێبیشی لەبارەوە چاپکراون وەک هەوڵەکانی عەلی بەندی و رێکاری مزوری و هەژار عەزیز سورمێ، بەڵام ئەوانە هەرگیز نەیانتوانیوە لەهەقی ئەو تەموژە بێن کەلەسەر ئەنفالی ئەوناوچەیەیە، چونکە تاوانەکە لەو دەڤەرەش زۆر لەوە مەترسیدارترە کە ئەو کتێبانەو تەنانەت راپۆرتەکەی مێدڵ ئیست وۆچیش باسی کردووە، ئەو کۆمەڵکوژیەی لە بادینان کەوتووەتەوە بە بەراورد لەگەڵ ئەنفالی ناوچەکانی تر جگەلە گەرمیان لە هەموویان زیاتر قوربانی تێدا بووە، بێگومان پێشێلکاری مافی مرۆڤ لەسەروەختی تاوانەکەوە هەتا ئێستاش لە لوتکەدایە، ئەگەر لەسەروەختی تاوانەکەدا دڵرەقی بەعسیەکان گەیشتە لوتکەو لەسایەی دکتاتۆریەتی رژێمی بەعسەوە بوو، لەسەردەمی دیموکراسی و دەسەڵاتی خۆ وڵاتیشدا قوربانیەکان شکۆیان بۆ نەگەرابووەوەو هەروەک جاران فەرامۆشکراو پەراوێزخراو مابوونەوە، خۆ بەدڵنیایی ئەگەر ململانێی حزبی و کێبەرکێی نەبوایەو گرنگی بە ئەنفالی ناوچەی سۆران نەدرایەو لە سۆنگەی کێبەرکێی سیاسی نەبوایە هەرگیز دەسەلاتی ناوچەکە ئاوڕی لێ نەدەدانەوە، تەنانەت کە حکومەتی هەرێم ئیدارەی سلێمانی موچەیەکی بۆ کەسوکاری ئەنفالکراوان و شەهیدانی کیمیاباران بڕیبووەوە، ئەوا ئیدارەی هەولێر مەگەر وەک شەهیدی سەنگەر دەنا هیچ موچەیەکی بۆ وارسی کەسوکاری ئەنفالکراوانی بادینان نەبڕی بووەوە، ئەگەر لە گەرمیان و هەڵەبجە یادی ئەنفال و کیمیاباران دەکرایەوە ئەوا ئەم یادانە لەناوچەی بادینان هیچ سەروسیمایەکیان نەبوو، خۆ ئەگەر بەهۆی ململانێی سیاسی نەبوایە ئەوا هەرگیز ئەوخەڵکە نەیادیان دەکرایەوەو نە موچەیەکیشیان بۆ دەبردرایەوە. ڕاستی ئەم بۆچونەشم لەوێوە سەرچاوەی گرتووەکەوا ئێستا شی لەگەڵدا بێت یادی ئەنفال لەبادینان ناکرێتەوەو یادیش بکرێتەوە لە مەراسیمێکی ساردوسڕ تێناپەڕێ کە بەرپرسان بە قات و جلی کوردی کەتافی ئوتوکراوەوە لەریزی پێشەوە دادەنیشن و تەواو. تەنانەت ساڵی ٢٠١٣ کە یادی کۆمەلکوژی کوریمێ کرایەوە ستافی گۆڤاری ئەنفالستان جگەلەوەی هاندەرو ڕێپیشاندەری یادکردنەوەکەیان بوو، لەسلێمانی و گەرمیانەوە چوبووین کەچی لە دەستپێکی کردنەوەی مەراسیمەکەدا بەخێرهاتنی یەک بەیەکی سەرەک خێڵ و کەسایەتی گوندەکانی

دەوروبەریشیان کرد، بەڵام بەخێرهاتنی ستافەکەی ئەنفالستانیان بە پێویست نەزانی ! ئەمەش بووە مایەی نیگەرانی دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژییەکەی کوریمێ و زۆر خەفتبار بوون بەو هەڵســوکەتەی بەرێوبەرانی مەراسیمەکە .

## ڕۆڵی هونەرو سینەما لە ناساندنی تاوانەکەدا

بەهۆی ناساندن و باسکردنیانەوە لە کۆرو سیمنارەکانم و باساکردنیان لە گۆڤاری ئەنفالستاندا، هەروەها بەهۆی نزیکایەتی و لێکتێگەیشـــتنەوە لەگەڵ هونەرمەنـدی جوانەمەرگ تەهاکەریمی و ئامادەبوونی لە سیمنارەکانمدا کە بەداتاشۆ پێشـکەشـم دەکردن و دواتر گفتوگۆو بیرکردنەوەمان لە دروسـتکردنی فیلمێکی دۆکیۆمێنتاری بۆ دەربازبوانی گۆرەبەکۆمەڵەکانی ئەنفال، توانرا نەک هەر دۆســێی کوریمێ بەڵکو دۆســێی بادینانیش لەفەرامۆشـــی و لەیادکردن رزگار بکەین، بەرلەوەی فیلمەکە تەواو ببێت و بەرهەمبێت کاریگەری لەســەر دنیابینی دەربازبووەکانیش هەبوو، بەهۆی ئەوەی زیاتر کرانەوەو بینینی ئەوشـوێنانەی کە ئەنفال تیایدا وێرانکاری کردووەو بینینی ئەو مۆنۆمێنت و پەیکەرانەی لە دەڤەری ســـلێمانی بۆ ئەنفال کراون زیاتر هەسـتیان بە فەرامۆشـکردن و پەراوێزخسـتنی خۆیان کرد، تەنانەت سـتافەکەی کوریمێ کە بریتی بوون لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژی ئەنفال، لەسـەرەتاوە ئامادەنەبوون رۆڵ لەو فیلمەگرنگەشـدا ببینن، بەڵام کە دواتر قایل بوون هاتنە ناوچەکانی گەرمیان و کۆیەو چەمچەماڵ بروایان بەوەش هێنا کارێکی گرنگ ئەنجام دەدەن بۆئەوەی چیرۆکەکانیان ون نەبێت و بروایان بەوەش هێنا ئەمە بۆ ئەنفالی هەموو ناوچەکان گرنگە نەک هەر بۆ بادینان و گوندەکەیان، بەکورتی هەتا دەربازبوانی کۆمەڵکوژی کوریمێ بەمەبەسـتی بەشـداری کردن لە فیلمی دۆکیۆمێنتاری بڵندی هەزارویەک سـێو، نەهاتنە سـلێمانی و گەرمیان و کۆیەو قەڵاســێوکە لەو شـوێنانە گۆرسـتان ومۆنۆمێنتە پرکەموکوریەکانی ئەم دەڤەرەیان بەچاوی خۆیان نەبینی، هیچ بیرۆکەیەکی یادکردنەوەو دروستکردنی مۆنۆمێنتیان بۆ قوربانیەکانیان نەبوو، بەڵام لە ئێوارەیەکی زوودا کە لە سیبەری دارەکانی مۆنۆمێنتی گوندی کڵیسـەی دەم زێی بچوک دانیشـتبووین و باسـمان لە ئەنفال دەکرد، هەریەک لە دەربازبوان (عەبدولقادر خەلیل و ئەبابکر عەلی و عەبدولکەریم نایف) دانیشـــتبوون باســـی دروســـتکردنی مۆنۆمێنتەکەی گوندی کڵیسـەمان دەکرد کە هەرخۆیان بەبێ ئەوەی چاوەروانی حکومەت بن مۆنۆمێنتێکیان بۆ ئەنفالی ناوچەکەیان دروســتکردووەو بووەتە جێگەی بایەخی میدیاو ســینەماکارو هونەرمەندان، بیرۆکەی ئەوەمان بۆ گوندی کوریمێش باســکردو هەموویان پەســەندیان کرد، کە هەوڵبدەن لانی کەم گۆرســـتانێکی شایستە بۆ قوربانیەکان چاک بکەن و ببێتە شوێنێکیش بۆ یادکردنەوە .

## ئەنفالی بادینان لەڕاپۆرتی جەنەراڵی تاوانەکەدا

لە هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەی پێشەوای فەیلەقی پێنجدا کە پرۆسەێ ئەنفالی پێسپێردرابوو، بەڕونی باس لە چۆنێتی بەرێوەچوونی پرۆسەکەو هێزە بەشدارەکان و ژمارەی گیراوەکان و خەسارەتەکانی خۆیان و ناوی ئەو تیپ ویەکەو ئەفسـەرانەش دەکات، کە بەشـداری تاوانەکەیان کردووە، پێشـەوای فەیلەقی پێنج کارێکی گرنگی بەدەسـتەوە داوەکە لەخشـتەیەکدا پۆلێنی کردوون و تانەت ناوی ئەو هێزانەشـی نوسـیوە کە چەند کەسـیان گرتووە یان ئەوکەسـانەی خۆیان رادەسـتی هێزەکانی سـەربە فەیلەقی پێنج کردووە، بە تێبینی ئەوەشەوە کە ١٨١ کەس لەکاتی هێرش وپەلامارەکاندا کوژراون و لە زۆر شوێنیش پەڵەی خوێن بێنراوە. رۆژ

وكاتی جوڵەی هێزەكان و خاڵی دەستنیشانكراو ، هەموو ئەمانە بەوردی لە راپۆرتە شیكارییەكەی لیواركن یونس محەمەد ئەلزەربدا باسكراون . لێرە بەدواوە لەهەركوێیەک پێویست بوو لەباسی ئەنفالی دەڤەری بادینا ندا بەشێک لە راپۆرتەكەی ئەم جەنەراڵە تاوانبارە و دیوێكی تاوانەكەی بۆ رونكردنەوەی ئەم لێكۆڵینەوەو بەدواداچونە دەخەینە ڕوو ، هاوكات بە شێوەیەكی بەرچاویش پشت بە راپۆرتەكەی مێدڵ ئێست ۆچ دەبەستم چونكە هەتا ئێستا هیچ سەرچاوەیەک لەم راپۆرتە گرنگتر سەبارەت بەئەنفال لەبەردەستدا نیە، بۆیە لەكوێ پێویست بوو بەئامانەتەوە بیروراكانیان هەڵدەگوێزم و ئاماژە بە لاپەرەكانی دەكەم . من بۆخۆشم كارم لەم دۆسێیەدا كردووەو چەندین جار بۆ بەدواداچوونی ئەو تاوانە چوومەتە ناوچەی بادینان و شایەتحاڵی زۆرم دیووەو هەندێكیانم دواندووەو هەندێكیشیانم ریكۆردكردووەو بڵاوم كردوونەتەوە، كتێبێكم دەربارەی هاشم محەمەدی دەربازبووی كۆمەڵكوژی كورێمێ نوسیوەو كتێبێكیشم دەربارەی ئەنفالی بادینان و كۆمەڵكوژی كورێمێ ئامادەی چاپە تەنها دەربازبوویەكی ئەو كۆمەڵكوژیە كە دیداری رۆژنامەنوسیم لەگەڵیدا تەواو نەبووە سدقی عەبدولقادری دەربازبووی كۆمەڵكوژیەكەی كورێمێ یە، كە بەهۆی دورەوڵاتیەوە نەتوانراوە ئەنجامبدرێت، هەندێكی تریان كە دواندومن و دیداری كورتم لەگەڵدا كردوون یاخود زانیاریم لێ وەرگرتوون و لێدوانیان لە بارەی خۆ یانەوە بۆ داوم هێشتا رو ناكییان نەدیوەو هەر لەنێو یادەوەری ڤیدیۆكەمدا ماونەتەوەو هێشتا كەس نەیبینیون. لەم نوسینەدا هەوڵ دەدەم هەندێک لایەنی ئەم تاوانە رونبكەمەوە تەنانەت ئەوەی مێدل ئێست ۆچ لەتەموومژدا هێشتوویەتیەوەو من لە مەیداندا روونم كردووەتەوە بەبێ ئەوەی لەبایەخی كارەكەی ئەوان كەم بكەمەوە دەیانخەمە ڕوو.

**یەكەم بەركەوتنم لەگەل شایەتحاڵ :**

یەكەمین شایەتحاڵی ناوچەی بادینان كە گوێ بیست بووم، پیاوێک بوو بەناوی فازل كە لە ئەنفال رزگاری بوو، دواتر لەكۆمەڵگەی بەحركە نیشتەجێ كرابوونەوە، فازل گاردێكی رێكخراوی (شنەبای ئاشتی ژاپۆن) بوو شنەبای ئاشتی ژاپۆن رێكخراوێكی ناحكومی بوو ساڵی ١٩٩٦ هاتە كوردستان و منیش وەک فازل تیایدا كارم دەكردو بەهۆیەوە دەمتوانی زۆر شوێن بگەڕێم و لەوانەش دەمتوانی زوو بچمە شاری دهۆک، هەڵبەت پێشتریش من زۆرم لەبارەی ئەنفالەوە بیستبوو، بەڵام هەتا ئەوكاتەی فازل قسەی بۆنەكردم سەرباری ئەوەی كورد بووم وخەڵكی ئەو وڵاتە بووم كە ئەنفالی تێدا ئەنجام درابوو، بەڵام نایشارمەوە هەتا فازل قسەی بۆنەكردم هەرگیز نەمدەزانی بادینانیش بەو ئەندازەیە دڕندانە بەرپەلاماری ئەنفال كەوتووەو خەڵكەكەی بەو شێوەیە ئازارو ئەشكەنجە دراون، بەڵام ئەوشایەتحاڵە لەماوەیەكی كورتدا وێنەیەكی پیشاندام، فازل گوتی ئێمە مەروماڵاتمان هەبوو خەریكی كاری جوتیاری و ئاژەڵداری بووین، بەڵام ئەنفال ئاوەروتی كردین و تاقە یەک سەر ماڵاتمان نەما، ئینجا هەناسەیەكی هەڵكیشاو گوتی: بەڵام بریا هەر زەرەرمان ماڵ و ماڵات بوایە، ئەوەی ئێمە دیتمان دۆزەخ بوو، ئای خودایە ئەو هەموو عەزابەچ بوو دەبێت چ گوناحێكمان كردبێت . بۆیەكەمجار كە فازل دەرگای ئەم باسەی بۆكردمەوە لەوەوە بوو كە بە سواری ئۆتۆمبێلێكی گرنبەهای ژاپۆنی بەنزیک قەڵای نزاركێدا تێپەڕین، كاتێک خەڵكی شار لەسەر شەقامەكانەوە تەماشای ئۆتۆمبیلە كەشخەو گرانبەهاكەی دەكرد كە ئێمە سەرنشینی بووین، سەریان بۆ جوانی ئۆتۆمبیلەكە رادەوەشاندو هەندێک فیكەیەكی سەرسورمانیان دەكێشاو ئێرەییان بەئێمە دەبرد لەناویدا بەڵام هەرگیز پەیان بەوە نەدەبرد كە ئێمەش لەچینە هەژارەكەی كۆمەڵین و لەناوەوە خەمی قورس تەزاندوینی، ناهەقیشیان

نەبوو، ڕێکخراوەکە دوو ئۆتۆمبیلی پاجیرۆی مۆدیلی ســـاڵی ١٩٩٦ی لە ژاپۆنەوە گەیاندبووە کوردســـتان، هەردوکیان سوکانیان پێچەوانەی ئۆتۆمبیلی لای خۆمان بوو، هیچ بەرپرسێکی باڵاش وەها سەیارەیەکیان بەدەستەوە نەبوو، یەکێکیان بۆ ئۆفیسی دهۆک و یەکێکیان بۆ ئۆفیسی سلێمانی ڕێکخراوەکە دابینکرابوو، من و فازل لەناو ئەو ئۆتۆمبیلانەوە دەڕۆیشتین بۆ ناو ئاوارەکان کە لەناو قەڵای نزارکێ نیشتەجێ بوون، ئەوسا قەڵاکە وەک ئێستا نەکەوتبووە ناوشارەوەو لەدەرەی شارەکە بوو، هێشتا هەندێک ماڵی تێدا مابوون کە دەیانگوت ئەوماڵانە هەمان ئەو خەڵکەن کەکاتی خۆی لە ئەنفالدا گیراون و لەناو نزارکێ دەســـتبەســـەر بوون و ئازاری جەســـتەو دەرونیان چەشـــتبوو، بەبەرچاوی ژن ومنداڵەکانەوە بەبلۆک ســـەری پیاوەکانیان تەقاندبوو، بەدارو قۆناغە تفەنگ کەوتبوونە وێزەی گەنجەکان، لەناو قەڵاکەدا ژنێک ســـوێندی بۆخواردین کە منداڵیان لەناو تەنکی ئاودا خنکاندووە، دواتریش ژنێک بە ئارام حســـینی نێردراوی ئەنفالســـتانی ڕاگە یاندبوو، بەرمیلی خۆڵیان ئاگرتێبەردابوو منداڵیان وەک مریشـــک بۆ برژاندن هەڵداوەتە ناویو دەستدرێژییان کراوەتە سەر . بەڵام بەرلەوەی فازل بناسم هیچم لەم چیرۆکانە نەدەزانی وهیچم نەبیستبوو.

ئەگەرچی فازل کاریگەرییەکی زۆری بەســـەرمنەوە هەبوو، بەڵام هەرگیز ئەو هەســـتی بەوە نەدەکرد کەمن بەرانبەر ســـتەملێکراوانی کورد هەمبوو، فازل نەیدەزانی کەمن چەند ئازار دەچێژم بۆ ئەو چیرۆکەی ئەوم دەگێڕیتەوە ئەو هەمیشـــە وەک کۆی کـارمەنـدە خۆشـــگوزەرانەکـانی ڕێکخراوەکە لێی دەڕوانیم کە بەشێوەیەکی گشتی چیرۆکی فازلیان بەلاوە گرنگ نەبوو، فازل ناهەقی نەبوو، چونکە مەگەر بەدەگمەن دەنا ئەوانەی لە ڕێکخراوەکەدا کارمەند بوون، زۆر خەمی خەڵک وئەو تراژیدیایەیان نەبوو کە بەســـەر خەڵکدا هاتبوون، بۆیە هەرچەندە من لەفازڵم دەپرســـی و دەمجوڵاند بۆئەوەی باســـی ئەنفالم بۆ بکات ئەو خۆی دەدزییەوەو لەکورتی دەیبرییەوە. هەرچەندە دواتر هۆکاری ئەوەشم زانی بەڵام من هەر دەستبەرداری نەبووم . یەکێک لەو چیروکـانەی بۆی گیرامەوە ژیـانیـان بووە لە کۆمەڵـگای زۆرەملێی بەحرکە، کە چەنـدە بە زەحمەت ژیاون و ئەوخەڵکە لێقەوماوە بەدەســـت بەعســـیەکانەوە هەیانبووە، ئینجا بەتەنگەوە هاتنی ئازایانەی خەڵکی هەولێر، فازل پیاوێک بوو دین و ئاینی بە توندی گرتبوو، کەچی دەیگوت :خودایە کوفر ناکەم ئەگەر ئەو ڕۆژانە خەڵکی هەولێر نەبوونایە هەمووومان خڕ دەمردین لەبرســـان بەکورتی دەیگوت(تۆش بەهانامانەوە نەهاتی). بەڵام دواتر کە نێو چیرۆکەکانی تاوانی ئەنفالدا شۆڕبوومەوە زیاتر تێگەیشتم فازیل بۆچی لەکوتی دەیبڕییەوە، ئەو هێندە ئازاری چەشـــتبوو، هێندە ماڵوێرانی خەڵکی دیبوو بەپێویســـتی نەدەزانی چیرۆکی خۆی بۆکەسانێک باس بکات کە لەڕێکخراوەکاندا تەنها دۆلاریان لەسەر یەک دەناو خەمی خەڵکیان وەلا دەنا، فازیل لەچاوانیدا دیاربوو کە خەمێکی زۆر قورســـی ڕۆژگارەکانی ئەنفالی بادینان لە ناخەوە هەڵیتەکاندبوو، ئەو دەڤەرەش وەک گەرمیان ئەنفال شیرازەی تێکداوەو کەس باسی ناکات، بادینان بەو شێوەیە بوو کە لیوارکن یونس محمد ئەلزەرەب پێشەوای ئەوسای فەیلەقی پێنج باسی دەکات.

هێشتا ئەنفالی حەوت لە دۆڵی ئاکۆیان و ناوچەی شەقڵاوە کۆتایی نەهاتبوو، کە ئەنفالی ناوچەی بادینان بە بۆردومانکردنی گوندەکانی بناری گارا دەستی پێکرد، هێزەکانی فەیلەقی یەکی سوپا کە سوڵتان هاشم پێشـەوایەتی دەکردن، بەدەست بەرگری پێشمەرگەی یەکێتیەوە گیریان خواردبوو، هەرچیان دەکرد، شەرەکەیان بۆ یەکلایی نەدەبووە، شەری ناوچەکانی بالیسان و دۆڵی ئالانەو دۆڵی ئاکۆیان لەئەنفالدا وەک قۆناغەکانی تر بۆ سوپا پارویەکی ئاسان نەبوو، لە دۆڵی خافایەتی نەبێت کە پێشمەرگە ٤٠ شەو بەرگرییان

کرد، له هیچ قۆناغێکدا ٢٠ رۆژ گیر نەبوون و هەندێکیان هەروا بە چەند رۆژێک هەموو ناوچەکەیان کۆنترۆڵ دەکردو خەڵکەکە یان دەگرت و خانووە کانیان رادە ماڵی ولەگەڵ زەوی تەختیان دەکردن، بەڵام شـــەڕ لەم ناوچەیە سەخت بوو، نزیکەی سێ مانگی خایاند، بەڵام سوپای عێراق بەرلەوەی ئەنفالی قۆناغی حەوتەم کۆتایی پێبهێنێت لە دوای کۆبوونەوەیەکی ئەفسـەرە پلەباڵاکان و سـەرۆکی ئەرکانی سـوپا کە لەڕۆژی ٧ی ئابدا بە ئامادەبوونی عەلی حەسـەن مەجید لەکەرکوک بووەو مێدیل ئێسـت وۆچ بەکۆنفرانس ناوی بردووە، ئیدی پلانێکی تر هاتە ئاراوە کە لەیەک کاتدا پەلاماری هەردوو ناوچەکە بدرێت و کۆتایی بەبەرگری بهێندرێ بڕیارەکە وابووە کەوا فەیلەقی یەک لە دۆڵی ئاکۆیان و ناوچەی ڕەواندوز چارەسەری بەرگری پێشمەرگەکانی یەکێتی بکات و فەیلەقی پێنجیش کە بارەگاکەی لەهەولێر بوو، پەلاماری ناوچەی بادینان بدات و کۆتایی بە جەماعەتەکەی مەسـعود بارزانی بهێنێ، بۆئەم مەبەسـتەش، هێزێکی زۆریان لە ناوچەکە کۆکردەوە لە ٢٤ی ئابدا پەلاماری بادینانیاندا، بەختی ئەوەشـیان هەبوو کە لە ٧ی ئابدا ئاگربەسـت لە نێوان عێراق و ئێران ڕاگەیەنـدراو رۆژی دواتر بەفەرمی وەک بڕیـاری ٥٩٨ بڵاوکرایەوە، بێجگەلە فەیلەقی پێنج چەنـد تیپێکی فەیلەقەکانی (٣و٦و٧) لە بەرەی جەنگەکانی فاو و بەسـرەوە گوێزرانەوە بۆ کوردسـتان و ئەرکی نوێیان پێسـپێردرا بۆ تەواوکردنی ئەنفال. نوسـینگەی باکووری ڕێکخسـتنی حزبی بەعس بە چاودێری علی حسـن المجید دوو سـەد هەزار سـەبازی ناردە ناوچەی بادینان. بە پێی چەندین سـەرچاوەی سـەربازیی پێشـووی عێراق کە میدڵ ئیسـت ووۆچ چاوپێکەوتنی لە گەڵدا کردبوون، لە نێوان ١٤ هەتا ١٦ تیپی سـوپای نیزامیی کە هەریەکەیان دوانزە هەزار کەسـێک دەبوون لە پەلاماری ئەنفالی کۆتاییدا بەشـداربوون، ئەمە بێجگە لە بەشـداربوونی بەتالیۆنێکی چەکی کیمیایی و یەکەکانی هێزی ئاسـمانیی عێراق و فەوجەکانی بەرگریی نیشـتمانی جاش. بەرانبەر بەهێزێکی کەمی پێشـمەرگە لەناوچەکەدا بەهەموو لایەنەکانەوە لە ٢٦٠٠ کەس زیاتر نەبوون[1] " علی حسـن المجید خۆی بە شـەخسـیی پێی لە سـەر سـوپای عێراق داگرت پەلە بکات لە تەواوکردنی عەمەلیاتی ئەنفال. ڕۆژی دواتر فەرماندەیی باڵای سـوپا "بەیانی بەیانەکانی"خۆی دەرکردو ڕایگەیاند کەوا ئاگربەستێک بە پێی مەرجەکانی عێراق کەوتە کارو کۆتایی بە جەنگی هەشت ساڵەی عێراق ـ ئێران هێنا، کەوا خەرج و باجەکەی ملیۆنێک گیانی مرۆڤ بوو." مێدڵ ئێست وۆچ – ١٩٩٣ لاپەرە ٣٣٩ .

یەکێک لەگرنگترین بەڵگەنامەکانی بەردەسـتمان لە لێکۆڵینەوەی ئەنفالدا بەگشـتی و ئەنفالی کۆتایی کە ناوچەی بادینانی گرتەوە بەتایبەتی، ڕاپۆرتەکەی فەیلەقی پێنجە کە هەڵسـەنگاندن و پێداچوونەوەی شەڕی ئەنفالەو پێشەوای فەیلەقی پێنج لە میانەی ٦٠ لاپەرەدا پێشەوای فەیلەق "لیواڕکن یونس محەمەد ئەلزەرب" بە تێبینیەکانی خۆیەوە نوسـیوێتی بەناوی ( هەڵسـەنگاندن و پێداچوونەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی) بەڵام لەگەڵ ئەوەشـدا راپۆرتەکە بەئەنفالی ناوچەی بادینان نەوەسـتاوەتەوە بەڵکو ئاماژە بە هەموو ئەو نو سراوو راگەیاندنانەش دەکات کە لە ئۆپەرا سیونەکانی پێشتردا هەبوون، لەوانە ئەنفالی پێنج و شەش و حەوت، چونکە هەموو ئەو ناوچانەش فەیلەقی پێنج بەتایبەتی تیپی ٢٤ کە بارەگاکەی لە چوارقورنە بوو، رۆڵی زۆر دڕندانەیان لە ئەنفالدا بینیوە، بەڵام ڕاپۆرتەکە زیاتر باس لە ئەنفالی کۆتایی دەکات. کە یەکلایی کردنەوەی بە فەیلەقی پێنج سـپێردرابوو، راپۆرتە شـیکارییەکەی (ئەو پەڕی نهێنی و تایبەت) ئاراسـتەی

---

[1] بەپێی راپۆرتەکەی ئەلزەرب هەموو هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەدا لە ٢٦٠٠ زیاتر نەبوون، بڕوانە مێدل ئێست وۆچ- جینۆساید لاعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حەمە ساڵح توفیق- خانەی وەرگێران چاپی دووەم -٢٠٠٤ لاپەرە٣٤٣


005310

بسم الله الرحمن الرحيم
سري للغاية وشخصي

قيادة الفيلق الخامس
الاركان العامة
الحركات
العدد/ ح٢/ ٢٤٢٢
التاريخ ٢٥ ك ١ ١٩٨٨

الى/ رئاسة اركان الجيش
الموضوع/ تحليل معركة

ذيلاً نسخة من تحليل معركة خاصة الابطال التي جرت في قاطع فيلقنا للفترة
من ٢٦ آب ١٩٨٨ ولغاية ٣ أيلول ١٩٨٨
يرجى التفضل بالاطلاع.

اللواء الركن
يونس محمد الذرب
قائد الفيلق الخامس

نسخة الى/

| | |
|---|---|
| القيادة العامة للقوات المسلحة<br>المكتب العسكري | يرجى التفضل بالاطلاع، ذيلاً نسخة من التحليل اعلاه. |
| قيادة الفيلق (<br>دائرة العمليات | ) |
| دائرة التدريب<br>دائرة الادارة<br>دائرة الهيرة<br>دائرة التوجيه السياسي<br>قيادة ... العسكرية | للتفضل بالاطلاع، ذيلاً نسخة من التحليل اعلاه |
| مديرية الاستخبارات العسكرية العامة<br>مديرية التخطيط<br>مديرية الحركات العسكرية | يرجى الاطلاع، ذيلاً نسخة من التحليل اعلاه |

(١ — ٢٠)
سري للغاية وشخصي

IST.A1962.006.002

سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا کردووە، بەژمارە ح٢/٢٤٢٢ لە رۆژی ٢٥ک ١٩٨٨/١. دانەی بۆ هەریەک لە فەرماندەیی گشتی هێزەچەکدارەکان و نوسینگەی سەربازی و پێشەوایەتی فەیلەقی یەک و دائیرەی تەعلیمات و مەشق و کارگێری و تەجیهی سیاسی و لقی بەرێوبەرایەتی سەربازی و بەرێوبەرایەتی هەواڵگری گشتی سەربازی و پلان دانان و جوڵەی سەربازی ناردووە بۆ بەدواداچوون . لەم شیکاری و هەڵسەنگاندنەدا وردو درشتی پرۆسەکەی باسکردووە بە چاوپۆشی لەو کۆمەڵکوژیانەی سوپا لە گوندەکانی کورێمێ و مێرگەتی ئەنجامی داون کە هەرلەجێدا پیاوەکانیان بە کۆمەڵ گوللە باران کردووە ، لەکاتێکدا باسی زۆر روداوی وردی کردووە لەوانە زیانەکانیان کە سەبازێک بەهۆی هەڵدانی رومانەی دەستی سەربازێکی تر کوژراوە یاخود یەکێکی تر بەهۆی شورتی کارەباوە گیانی لەدەستداوە . لەهەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکەیدا بۆ پەلاماری ئەنفالی کۆتایی یان ئەنفالی بادینان، لیوا ڕوکن یونس زەرب، دەنووسێ: " لەدەستپێکدا وورەی بەرز بە ڕوخساری جەنگاوەرانەوە دیاربوو، بە تایبەتی لە دوای تێکشکانی ئێرانی دوژمن لەو هێرشە سەرکەوتووانەدا کە بە شەڕی قارەمانانەی فاو دەستپێکردو بە شەڕی (محمد رسول الله) کۆتایی هات(2). ئەو تەشکیلاتانەی لە ئەنفالدا بەشدارییان کرد لەو شەڕانە شدا ڕۆڵی خۆیان بینی(3)". درێژدادڕی راپۆرتەکە بۆ کارمەندانی مێدیل ئێست وۆچیش بووەتە مایەی سەرنج .

ڕاپۆرتەکە بە (ئەو پەڕێ نهێنی و تایبەت) ژمارە (ح٢ \٢٤٢٢) لە (٢٥ ک. ١. ١٩٨٨) چەندین زانیاری گرنگی تیدایە، تەنانەت لە خاڵی ط لاپەرە ٢ی ڕاپۆرتەکەدا هەمان ئەو راسپاردانەی نوسیوە کە لە فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکانەوە ئاراستەی کراوە سەبارەت بە پەلاماردانی کەرتی بادینان، کەدوای خاڵی ز ، خاڵی ح هاتووە تیایدا باسی دواخستنی پەلاماری شەش وحەوت دەکات بۆ دوای جەژن لەو کۆبوونەوەیەدا کە لە بارەگای فەیلەقی یەک بەستراوە لەکەرکوک بەرەبەیانی رۆژی ٢٦ی تەموز بە ئامادەبوونی جێگری سەرۆکی ئەرکان، (بەوسراوی نهێنی سەرۆکایەتی ئەرکان ژمار ٩٤٣ لە ٢٩ی تەموزی ١٩٨٨ بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستیەکان بۆ پرۆسەیەکی پلان بۆداریژراو بەمەبەستی سەرخستنی پرۆسەکە. لەخاڵی دواتردا

---

2 هێرشی محمد رسول الله ناوی ئەو هێرشانەی سوپای عێراق بوو، کە لەناوچەی ماوەت و پێنجوێن سوپای ئێرانی تێکشکاندو دواتریش لە دۆڵەڕوت و حەوزەی ماوتەوە بەهەمان ناوی محەمەد رەسول الله پەلاماری مالومەو چیای ئاسنگەران و کونەکۆترو کەلکی قزلەریانداو شەری دەستەویەخەیان لەگەڵ پێشمەرگەدا دەکر، ئەوسا تیپی چوار (هێزی تایبەت) بە پێشەوایەتی عصممەت سابرعومەر کە ناسرابوون بەهێزەکانی قەعقاع رۆڵێکی دڕندانەیان بینی لەیەکلایی کردنەوە .

3 شیکردنەوەی پرۆسەی ئەنفالی کۆتایی لاپەرە ٣٩ –یونس محمد ئەلزەرەب من لە میدل ئیست وۆچ وەرم گرتووە

باسی ئەوە دەکات کەوا فەرمانمان بۆهات لەلایەن جێگری فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان کەوا نوسراوی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا زۆر نهێنی و کەسی ژمارە ٦٤١ لە ٢٨ی تەموز کە پلان دابنێین بۆ تێکدەرانی لەکەرتی بادینان ) **بڕوانە پاشکۆکان ڕاپۆرتی فەیلەقی پێنج خاڵی ط لاپەرە ٢** . بەڵام بەهیچ شێوەیەک باسی کۆمەڵکوژییەکانی ناوچەی بادینانی نەکردووە، کەمن بۆخۆم شایەتحاڵی دوانیانم دواندووە، چالاکوانی بواری ئەنفالیش عەدالەت عومەر ساڵح باس لە کۆمەڵکوژییەکی ٣٥ کەسی دەکات و دەنوسێت (لەناوچەی دۆسکی لەگوندی کۆرفێل ئەفسەرێک (35) سیو پێنج کەسی لەژن و منداڵ وپیاو گولله باران کرد. وەنەبێ ڕاپۆرتەکە تەنها لەسەر دەستکەوتەکان و گیراوەکان وەستابێت بەڵکو شێکارییەکی هەمەلایەنەی لە بارەی شوێنی ڕوداوەکان نوسیووە، ناوچەی جوگرافی وهەڵکەوتەو شێوازی زەویەکەی و دوری ونزیکیان لە سنورو بەشداری جاش و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی کە بە (چەکی تایبەت ناوی بردووە) جێگای جێگربوونی قیادەی فەیلەقەکان و هێزەکانی بەرگری نیشتمانی لە ناوچەکە تیدا دیاری کراوە. لە دووتوێی (٦٠) لاپەرەی ڕاپورتەکەیدا یونس محەمەد زەرەب زۆر لایەنی ئەنفالی بادینانی شیکردووەتەوە نوسیوێتی "ناوچەکە بە گشتی شاخاوییەو بەشەکانی باکوورو ڕۆژهەڵاتیشی کە هاوتەریبی هێڵەکانی سنووری عێراق و تورکیان زۆر تووش و سەختن و ڕەز و باخ و دارستانی سروشتیی زۆری تێدایە. زەوییەکەی لە ناوچە بەرزاییەکاندا بەردینی جۆری نیشتووەو زەوییە نزمایەکانیش بریتین لە خاکی پتەو و تێکەڵەی لم و قوڕ، کە بەرەو باشوورو ڕۆژاوا کشاوە بۆ لای پێدەشتەکانی سلێڤانیو ئاکرێ. ئەم ناوچەیە گەلێ دۆڵ و زێی تێدایە کە لە باکوورو ڕۆژهەڵاتەوە بەرەو باشوورو ڕۆژئاوا شۆڕدەبنەوەو ڕووبار پێکدێنن. لێرە زنجیرە چیا, لووتکەی بەرز, دۆڵ و دەربەندو گەلێ کۆسپی تر تەگەرەی گەورە دەخەنە ڕێی جموجووڵی هێزەکان و کەرەستەو ئامێری گواستنەوە"([4]).

مێدیل ئێست وۆچ قسەی ئەفسەرێکی موقەدەمی پێشووی سوپای عێراقی یاداشتکردووە کەتیایدا نیازی تەواوی بەعس دەخاتە روو کە چۆن مامەڵە لەگەڵ خەڵکی ناوچەکەدا بکەن و هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژن ئەم هەڵسوکەوتە لەئەنفالی ناوچەکانی تردا نەبوو، بەڵکو کەس لە شوێنی دەستگیرکردنیدا نەدەکوژرا وەک ئەوەی لە گوندی کورێمێ و مێرگەتی بناری گارا ڕویدا ئەفسەرەکە بە مێدڵ ئێست وۆچی ڕاگەیاندووە : (فەرمانمان بۆ هات هەرچی پێشمەرگەیە بیانکوژین، تەنانەت ئەوانەشیان کە خۆبەدەستەوە دەدەن. هەروەها ئەو جووتیارە مەدەنیانەش کە لە ناوچەی قەدەغەکراودا بوون هەر بە پێشمەرگە دانرابوون. تەواوی پیاوانی ناوچە قەدەغەکراوەکان کە تەمەنیان ١٥–٦٠ ساڵ بوو، دەبوو بە تێکدەر دابنرێن و بکوژرێن. ئەم فەرمانانە بە نووسین (تەحریری)** تا ئاستی فیرقەکان دابەزیبوو و دوای ئەوەش بە دەمی بە ئەفسەرانی پلەکانی خوارەوە وترابوو. سەرچاوەکەشی بە ئاشکرا گەڕانەوە بوو بۆ ڕاسپاردەکانی ژمارە ٣٦٥٠و ٤٠٠٨ی مەکتەبی باکوور لە حوزێرانی١٩٨٧ دا, کە فەرمانی جێگیرو هەمیشەییان تێدابوو بۆ ماوەی دوو ساڵ بە سەروەختی ئەنفالیشەوە. موقەدەمەکە درێژە بە قسەکانی دەدات و باسی ئەوە دەکات کە چۆن ئەو ژن و منداڵانەی لە ناوچەی عەمەلیاتی ئەمدا بوون گیراون و براون بۆ بارەگای فیرقەی سوپا لە بێگۆڤا کەوا بارەگای ئەمی لێبووەو چۆن دواجار لە کۆمەڵگایەکی حوکومەتیدا نیشتەجێکراونەتەوە).([5]) هەڵبەتە ئەفسەرەکە ڕاست ناکات

---

[4] هەمان سەرچاوە لەپەرە ٣٤٠.

[5] بڕوانە مێدیل ئێست وۆچ – پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد– وەرگێرانی کوردی محەمەد حمەساڵح – خانەی وەرگێران– چاپی دووەم – ٢٠٠٤ لاپەرە

لەوەی کەوا خەڵکی ژێردەستی ئەم لە کۆمەڵگاکاندا نیشتەجێکراونەتەوە، بەڵکو هەموو خەڵکە ماوەیەکی زۆریان لە قەڵای نزارکێ کەمپی سەلامێدا بەسەربرد، چەندین منداڵ لەبرسان ولەبەر بەدخۆراکی مردن .

هەرچی ژمارەی قوربانیەکانن لە راپۆرتە شیکارییەکەی لیوارکن ئەلزەربدا مایەی تێرامان و سەرنجم بوو، چونکە هەرچی مێڵ ئیست وۆچە ژمارەیەکی جیاوازی نوسیوەو لەراپۆرتەکەشدا لەخشتەیەکدا پۆلێنی کردوون تەنانەت ناوی ئەو تیپانەشی نوسیوە کە دەستگیریان کردوون یان خۆیان بەدەستیانەوە داوە، من هێشتا ئەوەم بۆ ساغ نەبووەتە بۆچی دوو ژمارەی جیاوازی قوربانیەکان خراوەتە روو! جارێک کۆی گشتی دەبێتە لە راپۆرتەکەی مێدل ئێست وۆچدا دەبێتە (١٣٣٩٥ ) و جارێکیش لە خشتەی راپۆرتەکەی لیوارکن یونس محمد ئەلزەربدا لەلاپەرە ٥٦ دا دەبێتە (١٣٣٦٦) و بەناوی ئەو یەکەو تیپانەوە بڵاوکراوەتەوە .

ئەوەی لە راپۆرتەکەی مێدل ئێست وۆچدا هاتووە بەم شێوەی خوارەوە: بڵاوکراوەتەوە :
٨٠٣ کەس ئەو تێکدەرانەی دەستگیرکراون .. بەڵام لە راپۆرتەکەی فەیلەقی پێنجدا ٧٣٧ کەسن .
٧٣٧ کەس ئەو تێکدەرانەی خۆیان بەدەستەوە داوە بەڵام لە راپۆرتەکەی فەیلەقی پێنجدا ٧٧٦ کەسن .
١٤٨٩ پیاو
٣٣٧٣ ژن
٦٩٦٤ منداڵ

سەرجەمی گیراوەکان کە مێدیل ئێست وۆچ لە راپۆرتەکەیاندا بڵاویان کردووەتەوە بریتین لە ١٣٣٩٥ کەس، بەڵام ئەوەی لە راپۆرتەکەی فەیلەقی پێنجدا هاتووە ژمارەکە کەمترە .

لیوارکن زەرب لە خشتەکەیدا تێبینی ئەوەشی نوسیوە کە ١٨٧ ژن و منداڵ و پیاو جیانەکراونەتەوە، ئەم ژمارە زۆرەی قوربانیانی گوندەکانی ناوچەی بادینان رێژەیەکی زۆرە لە نێوان ٦٢٠ گونددا کە مێدیل ئێست وۆچ یاداشتی کردوون، جگەلەو کەسانەش کەلەکاتی کاتی هێرش وپەلامارەکاندا دەستبەجێ کوژراون وەک کۆمەڵکوژییەکی گوندی کورێمی کە ٣٣ پیاوبوون و تەنها ٥ کەسیان بەزیندویی مانەوە، هەروەها کۆمەڵکوژی گوندی مێرگەتی کە ژمارەیان ٨ پیاو بوو یەکێکیان دەربازبوو، بەڵام دوایی دەستگیرکرایەوەو بێ سەروشوێنکرا. ئەمە جگەلەو کەسانەش کە بەهۆی بۆردومان و سەختی ناوچیاکان و گازی کیمیاییەوە لە ریگاو لەناو کەمپەکانی تورکیادا مردن !

[6]عەدالەت عومەر سالح نوسیویەتی (بەپێی راپۆرتەکە "مەبەستی لەهەڵسەنگاندنەکەی پێشەوای فەیلەقی پێنجە" لەگەڵ کیمیابارانکردنی گوندی برجینی ژمارەی قوربانیان بۆ ١٤٤٧٣ کەس بەرز بووە.) بروانە عەدالەت

---

[6] بروانە عەدالەت عومەر سالح –شالاوەکانی ئەنفالی هەشتەم (ئەنفالی کۆتایی) (خاتمة الانفال) ٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە راپۆرتێکی شیکاریی و بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعس کە لەم لینکەی خوارەوەدایە:
http://www.anfalistan.com/2017/08/28/%D8%B4%D8%A7%DA%B5%D8%A7%D9%88%DB%95%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A6%DB%95%D9%86%D9%81%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D9%87%DB%95%D8%B4%D8%AA%DB%95%D9%85-

عومەر ســـالح – ماڵپەڕی ئەنفالســـتان – ٢٩ی ئابی ٢٠١٧ . هەڵبەت دەبێت ئەوەش لەبەرچاوبگرین کەوا ژمارەی قوربانیەکانی بادینان تەنها ئەوە نیە کەوا لە راپۆرتەکەدا بڵاوکراونەتەوە، بەڵکو خەڵکێکی زۆریش لە ریگاو لەناو چیاکان و دواتر لەکەمپەکانی تورکیادا بەهۆی برســـێتی وماندوێتی و بریندا‌ربوونیان بەگازی کیمیایی مردن. لەئەنفالی بادیناندا جگەلە کوردە گوندنشینەکان مەسیحی و ئاشورییەکانیش لە زەبری ئەنفال قوتار نەبوون، بەپێی زانیارییەک کە میدل ئێست ووچ لەگەڵ قەشـەیەکی ئاشـووریی ئەنجامیداوە، لیسـتێکی ٢٥٠ کەسـی کۆکردووتەوە کە لە ماوی ئەنفال و پاش ئەنفال بێسـەروشـوین کراون" بەتایبەتی لەدوای لێبوردنە گشتیەکەی ٧ی ئەیلولەوە کە خەڵکەکە هاتنەوە بن دەستی حکومەت لەناو کۆمەڵگاکانی بەحرکە و جێژنیکان سـێ گروپ (ئێزدی ومەسـیحی و کلدۆ ئاشـوری) بە ئاشـکرا دەگیران و بە پاس دەیانبردن و جارێکی تر نەبینرانەوە، لە دیدارێکی نێوانماندا هادی بابەشـێخ کوری شـێخی ئێزدیان ناوی ٩٦ کەسـی پێدام کەلە ئەنفالدا گیراون و هەتا ئێستا بێ سەروشوێنن، هەندێک لەوانە لەدوای گەڕانەوەیان بۆ کۆمەڵگاکان گیران و بێسـەروشـوێنکران، پیاوێک بەناوی سـەمیر کە سـەربەخانەوادەی بابەشـێخی ئێزدیانە و باوکی بەناوی ئیسـماعیل لەگەڵ ئەو ٩٦ کەسـە ئەنفالکراوە قسـەی بۆکردم و گلەیی ئەوەی کرد، کەهەتا ئێسـتا حکومەتی هەرێم پـارچەیەک زەوی پێڕەوانەبینیوین، بەپێی قسـەی عەلی حەسـەن مەجید کە لەکاسـێتە دەستبەسەرداگیراوەکاندا گیراوەو قسە بۆ بەرپرسـانی حزب دەکات دەڵێت : لێبوردنەگشـتیەکە بۆ کورد بوو نەک بۆ مەسیحی وئاشوری و ئێزدی، تەنانەت زۆر بێشەرمانە دەڵێت : ئیزدی بۆچی باشن بێگومان بۆهیچ ! ئەم قسـە رەق وناشـرینانە بوونە جێگەی سـەرنجی میدڵ ئێسـت وۆچ و لەبارەی ئەنفالکردنی ئێزدی و مەسـیحیەکانەوە نوسـیویانە (علی حسـن المجید هیچی نەبوو لە گەڵ ئێزیدیەکاندا تەنها ڕقو بە سـووک سـەیرکردن نەبێت. جارێکیان لە کاتی پەلاماری ئەنفالداو لە کۆبوونەوەیەکی بە کاسـێت تۆمارکراودا بە توندی هەڵشـاخابوو بە کاربەدەسـتێکی ناونەبراوی مووسـڵدا: "ئێمە دەبێ ناوچەکەتان بکەینە عەرەب، عەرەبی ڕاستەقینە، نەک یەزیدی کە ڕۆژێک دەڵێن کوردین و ڕۆژی دوایی دەڵێن عەرەب. ئێمە لە سەرەتاوە چاوپۆشـیمان لە یەزیدی کرد ببنە جاش، بۆ ئەوەی تێکدەران پەرەنەسـتێنن، باشـە بێجگە لەمە ئیتر یەزیدیەکان بە کەڵکی چی دێن؟ بێگومان هیچ ([7])

ئێزیدی ومەسـیحیەکان هەرلەدوای خۆرادەسـتکردنەوەیان بە راگەیاندنی لێبوردنەگشـتیەکە رەوانەی قەڵای دهۆککرابوون. بەڵام ئەوان هەر تەنها شـەوێک لەوێ هێڵدرابوونەوە، بۆ سـبەینێکەی بەپاسـی بێ دەرگاو پەنجەرە گواستیاننەوە بۆ شوێنی نادیارو جارێکی تر نەبینرانەوە، سەمیر ئیسماعیل قسەی بۆکردم و گوتی ئەسـاکە من منداڵ بووم بەڵام خزم و کەس ڕۆیشـتن بۆ دهۆک هەتا هەوڵی رزگارکردنیان بدەن بەڵام دیاربوو کار لەکارترازابوو ئیدی هەرئەو جارە بوو نەگەرانەوەو کەسـیش نەیزانی چییان بەسـەرهات، هەمان ئەم

---

%D8%A6%DB%95%D9%86%D9%81%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D9%83%DB%86/

[7] بڕوانە مێدل ئێست وۆچ جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکوردچاپی دووەم- خانەی وەرگێران- سلێمانی-٢٠٠٤ –لاپەرە٤٠٠ . هەربۆزانیاری خوێنەران، قسەکانی عەلی حەسەن مەجید –کاسیتی ساڵی ١٩٨٩ کۆبوونەوەیەکە لەگەڵ بەرپرسانی حزب بۆ بەخێرهاتنەوەی حەسەن عەلی ئەلعامری و وەرگرتنی پۆستی نوسینگەی ڕێکخستنی باکوری حزبی بەعس لەکەرکوک کە پێشتر عەلی حەسەن مەجید بۆ تاوتۆێ کردنی ئەنفال وەری گرتبوو، قسەکان لە ژمارە ٥ی ئەنفالستان لاپەرە ٢ بڵاوکراونەتەوە .

قسانەی سەمیری ئێزدی لەگەڵ راپۆرتەکەی میدڵ ئیست وچ یەک دەگرنەوەو یەکتری پشتراست دەکەنەوە، کە لە لاپەرە ٤٠١ یەکیدا وەک سەمیر چۆن باسی دەکات نوسیویانە، " ئیشۆ کە پیاوێکی پیری کلدانی کاسۆلیکی خەڵکی گوندی مێزێ بوو، هاتبوو بۆ سۆراخکردنی چوار کوڕەکەی.ئەوان کەسیان پێشمەرگە نەبوون، بەڵکو سیانیان سەربازی هەڵاتوو و ئەوی تریش موتەخەلیف بوو. سەردانەکەی ئیشۆ بێسوود بوو، چوونکە هەواڵی زانی کەوا تەواوی پیاوانی مەسیحیو ئێزیدییان ڕۆژی پێشتر بە ئۆتۆمبیلی داخراو بردووەو ئەوە دوا جار بوو کە بە زیندوویی ببینرێن. ژن و منداڵ و پیرەکانیش پاش ئەوەی تاقە شەوێک لە دهۆک هێشتبوونیانەوە بە پاس ڕەوانەی ئۆردووگا چۆلەوانیەکانی بەحرکەو جێژنیکانیان کردن." [8] تەنانەت کار گەیشتە ئەوەی لەناو کۆمەڵگاکانی بەحرکەو جێژنکا بەئاشکرا بانگەوازیان بۆ پیاوانی ئێزدی ومەسیحی دەکرد کەبچن بۆ بنکەی پۆلیس و لەوێ سواری پاسە نەفرەتیەکانیان دەکردن و نەدەبینرانەوە، هاشم محەمەد دەیگوت ئەمن و ئیستخبارات بە سەیارە بەناو خەڵکەکەدا دەگەران و بانگەوازیان بۆ ئێزدی ومەسیحەکان دەکرد، بەڵام وایان پیشان نەدەدا کە نیازێکی خراپیان هەبێت، ئینجا نازانم چارەنوسی ئەو کەسانە چییان بەسەرهات، بەڵام فازلی هاوکارم لە ڕێکخراوە ژاپۆنیەکە دەیگوت، دوای ئەوەش لێنەدەگەران خەڵک لە ئۆردوگاکە دانیشێ دەهاتن بانگەوازیان دەکردو دەیانگوت دەتانبەیتنەوە بۆ شوێنەکانی خۆتان، بەڵام ئەو هەژارانە بەقسەی درۆی ئەوان پێوەبوون و جارێکی تر نەبینرانەوە، میدیل ئێست وچ دەنو سێت :( لە پاش دوو حەفتە بانگەوازە نامۆو نەشازەکە بۆ مەسیحیو ئێزیدیەکان کرا بچن بۆ بنکەی پۆلیس یان ئۆفیسی حیزبی بەعس لە ئۆردووگاکەو ئەفسەرانی ئیستیخبارات بە ئۆتۆمبیلێکی تۆیۆتا لاندکرۆزەر بە هەردوو کۆمەڵگاکەدا دەگەڕان و جاڕیان دەداو بە تەواوی جەنجاڵی کارەکە بوون. دواجاریش بە چواردەوری ئۆردووگاکانیشدا گەڕان بۆ گەیاندنی پەیامەکە بۆ یەک بە یەکی ئەو خێزانانەی لە ژێر چاتۆڵە کاتیەکانیاندا کۆمەڵەیان کردبوو. ئەوان وایان دەردەبڕی کە مەسەلەکە هیچ ترسێکی تێدا نیە، بەتایبەتی کە قەشەیەکی ئاشووری چەند جارێک ئەو پرسیارەی دووپات کردووەتەوە کەوا چییان لێدەکەن، ئیستیخباراتێک لە وەڵامدا وتبووی: "دەتانگێڕنەوە بۆ ئەو شوێنانەی لێمانەوە هێناون"، یەکێکی تریان وتبووی: "دەتانبەین بۆ لای پیاوەکانتان"، ئەمە قسەیەک بوو کە لە دووتوێیدا مانا ڕاستە دڕندانەکەشی تێدابوو.)[9] بەڵام خاڵی سەرنج ڕاکێش لە ئانفالکردنی ئەم سێ گروپە جیاوازانە "مەسیحی و ئیزدی وکلدۆ ئاشوری"یەکاندا ئەوەیە کە زۆربەی ئەوکەسانەی ئەنفالکران ئەوانە بوون کە بەلێبوردنی گشتی گەڕانەوەو پێشتر دەربازیان بووەو گەیشتبوونە تورکیا یان لەناوچیاکاندا خۆیان شاردبووەوە، بەڵام بەگەڕانەوەیان بۆ ناو کۆمەڵگاکان گیران و شوێنبزرکران و وەک هەموو ئەنفالکراوەکانی تر، خرانە بەردەستی تیمەکانی گوللەبارانکردن.ئەمەش لەگەڵ خواستی وقسەی عەلی حەسەن مەجید یەکدەگرێتەوە کە گوتوویەتی لێبوردن بۆ کوردە نەک بۆ ئێزدی ومەسیحی وکلدۆ ئاشوری !

## بەکارهێنانی گاز لەبادینان :

ئەگەرچی بادینان لەچاو ناوچەکانی تری ئەنفالدا لەهەمووان زیاتر بەرگازی کیمیایی کەوتووە، بەڵام خۆشبەختانە ژمارەی قوربانیەکانی ناگەنە ژمارەی قوربانیانی هیچکام لە گوندەکانی گۆپتەپەو سێوسێنان و عەنەب و بالیسان و

---

[8] هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٤٠١
[9] هەمان سەرچاوە لاپەرە ٤٠٣

شێخ وەسانان، جێگەی سەرنجە لە ڕاپۆرتەکەی پێشەوای فەیلەقی پێنجدا نکۆڵی لە بەکارهێنانی گازنەکراوە، بەڵکو نوسیۆیتی یەکەی کیمیایی ڕۆڵی باشیان بینی، بەپێی زانیارییەکانم تەنها لە بادیناندا زیاتر لە ٤٠ شوێن بەرگازی کیمیایی کەوتن ولە هەندێک شوێن خەڵکی مەدەنیش کوژران، لەوانە لەگوندی برجینی نزیکەی ١٤ کەسێک گیانیان لەدەستداوە، مێدڵ ئێست ۆچ سەرنجێکی تایبەتی لەبارەی بەکارهێنانی چەکی کیمیاییەوە هەیەو بەبایەخەوە پرسیار لەسەر بەکارهێنانی گاز دادەنێ، کە بەکارهێنانی گاز لەم قۆناغەدا دنیا پێیزانی، لەو بارەیەوە نوسیوێتی : " لە پەلاماری بادیناندا لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی جیهانەوە جارێکی بەربلاوی لێدرا. بە هەرحاڵ ڕوونکردنەوەی مەسەلەکە ئاسانە، چونکە عەمەلیاتی بۆمبارانی کیمیایی لە ماوەی ئەنفالی کۆتاییدا لە ئەستۆی هێزی ئاسمانیی عێراقدا بوو" لەهەمان پەرەگرافدا دەنوسێت : " لە ڕێگەی شایەتیی کوردە ئاوارە بریندارەکانەوە لە تورکیا، هەر زوو دنیا پێیزانی کەوا گازی خەردەل و دەمارەگاز لە بادیناندا بەکارهاتوون، گالبرەیت و ڤان هۆڵن بە تۆمارکردنی ناوی 49 گوند کە "بەر گاز کەوتبوون"، گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە عێراق "بە ئەندازەیەکی فراوان چەکی کیمیایی بەکارهێناوە دژ بە دانیشتوانە کوردەکەی لە ٢٥ی ئابی ١٩٨٨ ەوە دەستی پێکردووە"و ئەم هێرش و پەلامارانەش "لەناوچوونێکی گەورەی ژیانی خەڵکی مەدەنیی بە دواوە بووە" ([10]). سەبارەت بە ڕێکەوتی کیمیابارانی ناوچەکە تیمەکەی مێدل ئێست ۆچ زیاتر لەگەڵ نوسراوەکانی فەیلەقی پێنج مامەڵەی کردووە، دەنا ڕۆژێک پێش دەستپێکردنی پەلامارە سەربازییەکە فرۆکە عێراقیەکان دەستیان بەگاز باران کردووە، بەڵام لە ڕۆژی ٢٥ ی ئابدا بەشێوەیەکی بەربلاوتر گازیان بەکارهێنا، ڕەشید عەلی یەکێک لە پێشمەرگەکانی ناوچەی ئامێدی لە دانیشتنێکی نێوانماندا دڵنیایی پێدام کە گوندی ئێکمالە لەرۆژی ٢٤ی مانگدا بووەو دووکەسی ئەو گوندەشی کوشتووە، کە لەبنەڕەتەوە خەڵکی ئەوێ نەبوون . پێشمەرگەیەکی ئەوسەروەختەی حزبی زەحمەتکێشان بەناوی ئاکۆکۆیی لە بیرەوەرییەکانی خۆیدا سەبارەت بەگوندی ئێکمالە نوسیوێتی ( کاتێ سوپا گەیشتبوە گوندی (یەکماڵە) تەنیا پیرەژنێکی کوێری لێ مابوو لەسەر بەرماڵی نوێژ کردن دەستڕێژیان لێ کردبوو، شەهیدیان کردبوو.) بڕوانە ئاکۆئاکۆیی – ماڵپەری ئەنفالستان ٢٠١٥/٦/٢٩ . دەنا یەکەم لێدانی کیمیایی لە ئەنفالی بادیناندا ئێوارەی ٢٤ی ئاب بوو لە زێوەشکان کە بارەگایەکی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەمە ڕاستیەکە مێدڵ ئێست ۆچ خۆشی یاداشتی کردووە، بەهۆیەوە ژمارەیەک پێشمەرگە گیانیان لەدەستدا کە هەندێک واباس دەکەن کە ژمارەیان ١٠ کەس بووە، ئیدی بۆ ڕۆژانی دوایی هێرشی کیمیایی فرۆکەکانی عێراق کەوتنە بۆردومانی گوندنشینەکان و ڕۆژی ٢٥ی ئاب لە نێوان کاتژمێر ٦:٣٠ بۆ ٨:٣٠ی سەرلەبەیانی ژمارەیەک زۆرگوندیان بەیەکەوە گازباران کرد، وەک میدیل ئێست ۆچ نوسیوێتی سەرەتا ٢٠ کەسی مەدەنی و پێشمەرگە بەگاز کوژران، بەڵام ڕۆژانی دوایی منداڵانیش قریان تێکەوت . لەلای کارمەندانی مێدڵ ئێست ۆچ هۆکاری وردی ئەو بەلێشاو مردنە هەر بە نەزانراوی ماوەتەوە، بەڵام گریمانەیەکی ڕێتێچو یان نوسیوە کەوا (ڕەنگە لە ئەنجامی تێکەڵبوونی هەردوو گازی خەردەل و دەمارەگازی سارینەوە بووبێت) ئەگەر ئەو گریمانەیە ڕاست بێت و گازی دوولایەن (مزدوج) لە بادینان بەکارهاتبێت ئەوا کاریگەرییەکی درەنگوەختی کوشندەی بووە، یاخود ئەو ئەگەرە بووە کە مێدڵ ئێست ۆچ نوسیوێتی : لە بەر هێرشە یەک لە دوای یەکەکان بووەو پاشانیش کاریگەریی سەرماو برسێتی لە چیاکاندا کە بۆی هەڵاتبوون، یان لە بەر ئەو بەدخۆراکی و نەخۆشییەی لە کەمپەکاندا تووشی بوون لە پاش گرتنیان، یاخود لە بەر سەرجەمی هۆکان بەسەریەکەوە. ئەگەرچی تاڕادەیەک ئەم پرسیارە ئەکادیمییە بەڵام هۆکاری وردی ئەم مەسەلەیە هەرچیەک بێت، حوکوومەتی عێراقە, کەوا بەرپرسی ئەم مردنانە بووە. لە چاوپێکەوتنی یەک بە یەکی ئەو کەسانەدا کە بە زیندوویی لە هێرشە کیمیاییەکانی ئەنفالی کۆتایی دەرچوون بە زۆری هەمان گێڕانەوەی لێکچوو یان هەیە.) [11]

---

[10] بڕوانە مێدل ئێست ۆچ- جینۆساید لاعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حەمە ساڵح توفیق- خانەی وەرگێران چاپی دووەم -٢٠٠٤ لاپەرە٣٤٣ .لاپەرە ٣٤٩

11 هەمان سەرچاوە لاپەرە ٣٥٠

**لەیەکێک لە سەردانەکانمدا بۆ گوندی کورێمێ پێشمەرگەیەکی ئەوسای پارتی دیموکرات بەناوی "هەڵمەت"[12] باسی گازبارانی برجینێ و ناوچەکەیانی بۆکردم کە چۆن فرۆکەکان بۆمبی کیمیاییان فریداوەتە خوارەوەو دەنگیان نزم بووەو دواتر هەمان ئەو فرۆکانە چوون گوندی برجینیان بۆمباران کردووە، لەهەمان گەشتمدا عەبدولقەهار خەلیل قسەکانی هەڵمەتی پشتراستکردەوەو گوتی ئێمە پێشمەرگە بووین و بایی ئەوە لەخۆ مان رادەبینی کە ناوچەکە نەدەین بەدەستەوەو نەشکێین، چونکە سالانی پێشتر چەندین جار حکومەت بەهێزی زۆرەوە دەهاتە سەرمان و ئێمە بەرەنگاری دەبووینەوەو شەرمان لەگەڵ دەکردو دەمانشکاند ئەو پەرەکەی هەتا ئێوارە دەیانتوانی شەرمان لەگەڵدا بکەن بەڵام ئەنفال جیاواز بوو لەگەڵ چەکی کیمیایی هیچ نەدەکرا.** [13]

## کیمیابارانی برجینێ :

دەربارەی کۆمەڵکوژی برجیێو بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی رۆژی ٢٠١٢/٨/٢٨ چاوم بە پێشمەرگەیەکی دیرینی پارتی دیموکراتی کوردستان کەوت کە بە "هەڵمەت" ناسراوە، ئەو رۆژەی کیمیابارانی ناوچەکەیان و گوندی برجینێ کرابوو، هەلمەت لەو ناوچەیە بووەو بەچاوی خۆی فرۆکەکانی بینیبوو کە بۆمبەکانیان فرێداوەتە خوارەوە، دواتر چەند ژنێکی بینیوە کە شپرزەبوون وهیلاک بوون، ئەمیش پێی گووتون دەنگ نەکەن هەتا خەڵک ورەی نەروخێ، بەلام دواتر کەوتوونەتە سەر زەویو کار لەکارترازاوە، کاتێکی زانیوە بۆخۆیو هەڤالەکانیشی کەوتوونەتە ناو کیمیاویەوە، هەڵمەت گوتی هەر ئەو ڕۆژەو هەمان کات فرۆکە بەکیمیایی لەبارەگایەکی پێشمەرگەشی دابوو ١٣ پێشمەرگەی شەهید کردبوو، ئەمە لەگوندی تویکابوو، بەلام لەنزیک هەلمەتو هاورێکانی ئاراستەی با هاوکار بووە کە کاریگەری خراپی لەسەر ئەمان نەبێت، هەلمەت دەیگووت لەهەمان کاتدا هەموو ناوچەکە کەوتووەتە بەرپەلاماری کیمیاویو هەموو خەڵک بەیەکداهاتوونو چونو موخابەراتی حکومەتیش بەردەوام پروپاگەندەیان بلاوکردووەتەوە کە خۆبەدەستەوە بدەن باشترە حکومەت بە کیمیاوی لێیاندەداو کەس نامێنێت. هەڵەمەت هەرچەندە لەگوندی برجینێوە دوربووە بەلام جەختی لەوەکردەوە کە خەلکی برجینی هەموو سڤیل بوون کە بەکیمیاوی مردن. ئەو دەلێت من نەمتوانی هیچ بکەم تەنها ئەوەنەبی بگریمو فرمێسک بۆ ئەو خەڵکە برێژم . [14]هەر لەو سەردانەمدا پیاوێکی بالابەرزم بینی بەناوی ئەیوب کە خەڵکی گوندی برجینێ بوو، ئەو پیاوە یەکێک بوو لە شایەتحاڵەکانی دادگای بالای تاوانەکان سەبارەت بەکیمیابارانی گوندەکەیان، ئەو جەختی لەوە دەکردەوە ئەگەر برجینێ لەو کاتەدا قەرەبالغ بوایە ئەوا خەڵکێکی زۆر زیاتر دەکوژران چونکە کیمیایی "مزدوج " تێکەڵ لە گوندەکەیان بەکارهێندراوە. ئەیوب برجینی گوتی: ئێمە لەگەڵ فرۆکە راهاتبووین و هەموو ماڵێک بۆخۆی شوێنێکی بۆ تۆپباران و بۆمبارانی فرۆکە چێکردبوو، بەلام کونەتەیارە بۆ کیمیایی خراپەو زیانی زۆرە، ئەو دەیگوت : چوار فرۆکە بۆردومانیان کردووین و هەریەکەیان سێ هەتا چوار بۆمبیان فرێداوەتە

12 بەداخەوە لەسەردانێکمدا بۆ گوندی کورێمێ رۆژی ٢٧ی نیسانی سالی ٢٠١٧ کاتێک هەوالی هەڵمەتم پرسی پێیانگوتم کەوا لە شەری داعشدا لە سالی ٢٠١٦ شەهید بووە . **ئیدریس عەبدولا محەمەد حەسەن لەدایکبووی سالی ١٩٥٧ بوو، ئەو لە پێشمەرگایەتیدا بەهەڵمەت ناسراوەو وەک خۆی دەیگوت لەهەموو پێشمەرگایەتیمدا تەنها ئەم ناوەم بۆ ماوەتەوە .**

[13] دیداری نوسەر لەگەڵ هەڵمەت و عەبدولقەهار- گوندی کورێمێ ٢٨ی ئابی ٢٠١٣ .

[14] دیداری نوسەر لەگەڵ هەڵمەت گوندی کورێمێ – ٢٨ی ئابی ٢٠١٢ کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆ

خوارەوە، بۆمبەکان دەنگیان نەبوو، بەڵام دوکەڵیان زۆر بوو، بۆنیشـــیان خۆش بوو، مرۆڤ لەهەڵمژینی بێزار نەدەبوو، بەڵام من زوو زانیم کە ئەوەی بەردەبێتەوەو دەنگیان نزمە کیمیاییە.
هەمان رۆژ گوندی (وەرمێلێ)یش لە ناوچەی دۆسـکی وەک ئەوانی دی کەوتە بەرپەلاماری گازو شـەش بۆمبی بەرکەوت، وەرمێلێ لەدەڤەری دۆســـکییە لە رۆژئاوای چیای مەتین و نزیک ســـنووری تورکیایە. خەڵکی وەرمێلێش وەک دانیشـتوانی برجینێ لە بەیانیی 25 ی ئابدا بەرگازدران، بەڵام خۆشـبەختانە هیچ کەس شـەهید نەبوون، ئەو کەسـانەش کە بریندار‌بوون دکتۆرێکی پێشـمەرگە فریایان کەوتن و دوای چەند جارێک رشـانەوە باری تەدروسـتیان باشـتر ببوو، بەڵام بەگشـتی لەئەنفال رزگاریان نەبوو، نزیکەی ٤٠ کەسیان لەپەلاماری ئەنفالدا تیداچوون .

## کۆمەڵکوژی لە بادینان

ناوچەی ئەنفالی بادینان کە لە راگەیاندن وبروسـکەکانی بەعسـدا بە ئەنفالی کۆتایی ناوبراوە، تاکە قۆناغی ئەنفال بوو، کەوا کۆمەڵکوژی تێدا ئەنجام بدرێت وهەر لەشـــوێنی خۆیان گیراوەکان گوللەباران بکرێن، هێشـــتا ئەم نیازەی بەعس روون نیەو هەرچیش لەبارەیەوە نوســـراوەو وتراوە هەر لێکدانەوەو بۆچوون بووە، دەنا لە هەموو قۆناغەکانی تری ئەنفالدا، ئەوانەی دەگیران دەبرانە کەمپەکانی کۆکردنەوەو دواتریش دەنێردرانە کەمپی ســـەرەکی لە تۆپزاوی ١٦ کیلۆمەتری خوار پـارێزگـای کەرکوک. تۆپزاوا شـــوێنی پۆلێنکردنی ئەنفالکراوەکان بوو، راستە لەوێ ئەشکەنجەو سوکایەتی هەبوو، بەڵام هەتا ئێستا نەم بیستووە کەوا خەڵک بەدارو بلۆک لەناو هۆڵ وحەوشەکان و بەبەرچاوەی ژن ومنداڵەکانەوە کەس کوژرابێت، بەڵام لەبادینان پرۆسـەی پەلامارەکە زۆر جیاواز بوو، لەوێ هەر لەشـوێنی نیشـتەجێ بوونیان یان لەو شـوێنەی دەگیران جاربەجار کۆمەڵکوژی رووی دەدا، تەنانەت ئەوانەی دەنێردرانە قەڵای نزارکێش لەوێ بەبەرچاوی ژن ومنداڵەکانیانەوە بەدارو قۆناغە تفەنگ لێیاندەدراو زۆرجاریش بەبلۆک سەری گەنجەکانیان تەقاندووە !

بەداخەوە لەبادینان هیچ بەدواداچوونێکی ئەوتۆ بۆ ئەنفالی بادینان نەکراوە، ئەوەشـــی کراوە زیاتر دواندنی فەرماندەکانی ئەوسای پێشمەرگەبووە، نەک خەڵکە زیان پێگەیشتووەکە، جگەلە سێ کتێبی عەلی بەندی کە بەدەرنیە لەکەموکورێ بەگشـــتی و ژمارە یەکی گۆڤاری ئەنفالســـتان لە نێومیدیای کوردیدا شـــتێکی ئەوتۆنەکراوە بەرچاوبێت.

## کورتەیەک دەربارەی گوندی کورێمێ

**بەرلەوەی باسی کۆمەڵکوژیەکەی بکەین باشترە کورتەیەک لەسەر گوندی کورێمێ بنوسین**
**لە ناوچەکە دوو گوندی بەرامبەر یەکتری هەن بەناوی کورێمێ یەکێکیان پێی دەڵێن کورێمێی شـیرانی وئەوی دی پێی دەڵێن کورێمێ کورانی وەک دەڵێن ناوەکەی لە زەوی کوڕەوە هاتووە، هەندێکیش لەخەڵکی گوندەکە دەیانگوت لەوەوە هاتووە کە رەزی تریێ زۆرە، ئەم گوندە پێش ئەنفال 80 ماڵ بووەو ئێستا تەنها 12 ماڵی تێدا ماوە لە روی خزمەتگوزارییەوە. ســـەرباری ئەو غەدرە گەورەیەی لێکراوە، زۆر بێخزمەتگوزاریەو بە تەواوی پەراوێزو پشـتگوێ خراوە، هێشـتا ئاسـەواری ئەو تاوانە بەتەواوی بەسـیمای ئەوگوندەوە دیارە لە**

**هەمووی سـەرنج راکێشـتر گۆرسـتانی شـەهیدەکانی بوو تەنانەت هەتا یەکەمجار نەچووین و لەبارەیەوە نەمان نوسی و قسەمان لەسەر نەکرد سیاجێکی رێکوپێکی بۆ دروست نەکرابوو، کە دەبوایە لەو گوندەدا مۆنۆمێنتێکی شـایسـتە دروسـتکرابایەو وەک رێزلێنانێک لەو مرۆڤانەی بەناهەق کوژران هەتا بەڵگەی تاوانەکەو چیرۆکو بەسـەرهاتی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمی لەو مۆنۆمێنتەدا بپارێزرایە. خەڵکە هەژارەکەی کەبەکاری کشتوکاڵەوە خەریکن بەخراپی پشتگوێ خراونو هیچ خزمەتگوزارییەکیان پێنەگەیشتووە!..**

## کۆمەڵکوژیی گوندی کورێمێ

سەرلەبەیانی ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ دوای ئەوەی بێئومێد بوون و زانیان ناتوانن سنور ببڕن و بگەنە تورکیا، بە ناچاری گەرانەوە دۆڵەکانی نزیک گوندەکە، وەکو تەواوی ناوچەکە گوندی کورێمێش هێرشـی زەمینی کرایە سەر، هەموو خەڵکی گوندی کورێمێ و هەندێکی چەلکێش کە شەوی پێشتر لەگەڵیان کەوتبوون، لە دۆڵ و چیاکان خۆیان شـاردبووەوەو لەهەوڵی دەربازبوون ماندوو ببون، ئەو ڕۆژە لەگەڵ هەتاوکەوتندا زانیان چاریان نیەو دەبێت بیرێک لە خۆیان بکەنەوە بۆیە دوای ئەوەی دوو پیرەمێردیان ناردەلای سوپاو بەڵێنیان وەرگرت کە هیچیان بۆنابێت ئەوانیش ئالای سپییان هەڵکردو خۆیان دایە دەست هێزێکی سوپاوە، بەڵام خۆبەدەستەوەدان هیچی لە هەستی بەعسیەکان نە گۆڕیو ئەفسەرانی سوپا مامەڵەیەکی توندیان لەگەڵدا کردن، لەبارەی خۆرادەسـتکردنیانەوە عەبدولکەریم نایف یەکێکە لەدەربازبوانی ئەو کۆمەڵکوژەیەی کورێمێ دەڵێت : ( **لەوێ پیاوەکان بیروڕای خۆیان گۆڕییەوە چبکەن و چ نەکەن لەپێشـەوە گوتیان با ژن ومنداڵ وپیر خۆیان تەسلیمی حکومەت بکەن و گەنجەکانیش خۆیان بشارنەوەو لە چیا خۆیان پەنا بدەن . ئەوەی دوای ئەوە بوو کە دوو هەوڵماندا دەبازبین و قوتاربین و سەرکەوتوو نەبووین، شەوی ٢٧ لەسەر ٢٨ی مانگی ئاب بوو لە نزیک گوندی کورێمێ شـوێنێکی نەدیوو هەیە لەوێ ماینەوە هەتا سـبەینێ، ئێمەش خەڵکێکی زۆر بووین خێزان و منداڵمان زۆر لەگەڵدا بوو، هەندێک خەڵکی گوندی چەلکێ سـەیدا لەگەڵ ئێمەدا هاتبوون لەوێ بوون نزیکی ١٥ خێزان بەس هی بەرواری لەگەڵ ئێمە بوون هەموو خێزانەکانی کورێمێ بوون هەندێک خێزانی گوندی چەلکێی سەیدا زۆر بووین، هەندێک خەڵکی باتوفەو دەوروبەری زاخۆو هێزاو هەمزە کە نەیاتوانی دەرباز بن لەگەڵ ئێمە هاتن ئەوانیش لەگەڵ ئێمە هاتنە ناوچەی ئێمە، بەگشـتی ئەوەی پێکەوە بووین نزیکەی ٤٠ خێزانێک بووین پێکەوە ماینەوە هەتا سـبەینێ ڕۆژی ٢٨ی مانگ کەتەماشـامان کرد هەموو بەرزاییەکان سـوپاو سـەرباز گرتبوونی بەڵام لەو کاتەدا کەسێک هات گوتی لێبوردنێکی نهێنی هەیە بچن خۆتان تەسلیم بکەن لەسەر شەرەفی سەدام بەوەندە سوێندو قورئانە چ گرفتێک بۆ ئێوە نابێ ئەگەر نەچن حکومەت بتانگرێ هەمووتان دەکوژێ. بابی من و بابی هاشمی و هەندێک ئختیار چوونە لای ئەفسەرێک پێیانگوتبوو ئێمە خێزانەکانمان لەگەڵدایەو هەندێک خەڵکی تریشمان لەگەڵدایە چەکدارن ئەگەر بەڵێن دەدەن سەلامەت دەبن ئەوە ئەوانیش دێن خۆیان تەسلیم دەکەن، ئەگەرنا ئەوان خۆتەسلیم ناکەن ئەو ئەفسەرەش گوتبووی وەرن خۆتان تەسلیم بکەن هچتان بۆنابێت و لێبوردنێکی نهێنی هەیە، وەرن لەسەر شەرەفی سەدام حوسێن و لەسـەرشـەرەفی بەعس ولەسـەر خاتری قورئان هیچ گرفتێکتان بۆنابێ ئێوە ئیسـلامن و ئێمەش ئیسـلامین باشـترە خۆتان تەسلیم بکەن. هاتنەوە گوتیان ئەفسەرەکە دەڵێت وەرن خۆتان تەسلیم بکەن لەسەر شەرەفی بەعس وسەدام و قورئانێ . ئێمەش هیچ باوەڕمان بە شـەرەفی بەعس وسـەدام نەبوو بەڵام لەسـەر باوەڕی قورئان چووین چونکە ئێمە**

**ئیسلام بووین و باوەڕمان بەقورئان هەبوو، هەموو پێکەوە ڕۆیشتین خۆمان تەسلیم بە سەربازان کرد، لەپێشەوە هەموومانیان کۆکردەوە ئینجا پیرەمێردو ژن ومنداڵیان جیاکردەوە. )** [15]

هەر ئەو ڕۆژە دوای پۆلێنکردنو جیاکردنەوەی ژنو منداڵ لەلایەکو پیاوەکانیش لەلایەکی تر، سەرئەنجام ژنو منداڵەکانیان ڕەوانەی مانگێشو قەڵای نزارکێ کردوو ٣٣ پیاویش ڕووەو خواروی گوندەکە بەریز بەرێخرانو هەروا ٢٠٠ مەترێک دورخرانەوە بۆ شوێنێکی نەدیوی خوارگوندی کورێمێ کە شوێن رەزی تری و داری چوالەیە، ڕۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ٢٠١٢ لەگەڵ حاجی عوسمانی دانیشتوی کورێمێ و یەکێک لە دەربازبوانی کۆمەڵکوژییەکەو هاوکارم سمکۆ سابیر چووینە شوێنی کۆمەڵکوژییەکە کە نزماییەکی خوارگوندەکەیە، لەوێ هاشم محەمەد چووە هەمان ئەوشوێنەی کە لەریزەکەدا تیایدا دانیشتبوو چاوەڕوانی فەرمان و بەزەیی ئەفسەرەکانیان کردووە، هاشم دەستی کرد بەگێرانەوەی چیرۆکی خۆیان **حاجی عوسمانیش کە کورێکی بەناوی مرادو برازایەکیشی بەناوی ئازاد لەو تاوانی کۆمەڵکوژیەدا شەهید بوون جاربەجار خۆی دەخستە ناو قسەکانەوەو هاوکاری هاشمی دەکرد بۆ بیرهێنانەوەی چیرۆکەکەی .. وردەوردە کاتمان تێدەپەڕاندو هاشم لە گێرانەوەی چیرۆکەکەی ماندونەدەبوو لەوکاتەدا من گرفتێکم بۆ هاتە پێش لەسەر شاشەی کامێرا سۆنیە بچوکەمەوە ئاماژە بەتەواو بوونی باتریەکەی دەدا.** هاشم گوتی: ( بە هەمووی کاتژمێرێکی نەبرد لەوێ تاوانی کۆمەڵکوژکردنمان بەفەرمانی دوو ئەفسەردەرچوو، ئالێرەدا گوللەبارانکراین، **یەکەمجار من لەریزەکەدا لەدواوە بووم بەڵام کەوتیان وەرگەرێن و هێنایانین بۆ ئێرە، من کەوتمە پێشەوەو لەدەستەراستەوە یەکەمین کەس بووم عەبدولقهار بەتەنیشتمەوە دانیشتبوو، پێمووت دەمانکوژن** دوو ئەفسەرو ١٠سەرباز بەدیارمانەوە وەستابوون، سەرەتا لەگەڵمان نەرمبوون تەنانەت ئاو جگەرەشیان دەداینێ وهەردەیانگوت خواگەورەیە، بۆیە سەرباری ئەوەی دودڵبووین ودەترساین لەو باوەڕەدا نەبووین بمانکوژن، بەڵام لە دوو ئەفسەرەکە یەکێکیان بە هۆکی تۆکی قسەی کرد دیاربوو لەگەڵ سەروی خۆیان قسەی دەکرد هەرلەگەڵ داخستنەوەی جیهازەکە یەکسەر فەرمانی تەقەکردنی داو سەربازەکانیش بریارەکەیان جێبەجێکردو بەکلاشینکۆف داینگرتینەوەو ئەم تاوانەیان ئەنجامدا) [16]

لەو کۆمەڵکوژییەدا لەکۆی ٣٣ کەس بە موعجزە ( ٦) کەس دەربازبوون یەکێک لەوانە هاشم محەمەد ڕەشیدە کە ئێستا چیرۆکەکەی دەگێڕیتەوە. بەپێی ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاپۆرتی ژمارە ٢٤٢٢ ی فەیلەقی پێنجدا هاتوون و لە کۆتایی ساڵی (١٩٨٨) دا نوسراوە دەردەکەوێت کە تاوانی گوندی کورێمێ لەلایەن تیپی ٢٩ی پیادەو یەکێک لە لیواکانی ٤٣٥ ، ٢٣٨، ٨٤ ئەنجامدراوە.[17] لەوبارەیەوە ڕێکخراوی مێدل

---

15 دیداری نوسەر لەگەڵ عەبدولکەریم نایف دەربازبووی کۆمەڵکوژی کورێمێ ٧ی ئایاری ٢٠١٣ هەولێر.

16 دیداری هاشم لەهەمان شوێنی کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کورێمێ کاتژمێر ١١ی پێشنیوەرۆی ڕۆژی ٢٨ی ئابی ٢٠١٢

17 لەسەروەختی ئەنفالدا عەمید روکن عبدالجلیل عبدلمحسن، فەرماندەی تیپی ٢٩ بوو بارەگاکەی لەمانگیشکی نزیک گوندی کورێمێ بوو، بەهۆی بەشداری کردنی لەتاوانی ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووەولەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق)یشەوە، یەکێکە لەتۆمەتبارانی ئەنفال وناوی لە لستی تۆمەتباراندا ژمارە (٧٤)ە. بەڵام ئەو لە ساڵی ١٩٩١ ەوە گیراوەو بێسەروشوێنە چونکە لەکاتی جەنگی کەنداودا کە فەرماندەی تیپی ٢٠ بوو لەکەرتی فەیلەقی چواردا، تیپەکەی لەدەوروبەری حفر الباطن بوو، لەکاتی هێرشەکانی هاوپەیمانان و لەکاتی ڕاپەڕینی شەعبانیەی باشووری عێراقدا، لە نزیک کوێتەوە بەپیادە گەیشتبوونەوە ناوچەی رومیلەو لەوێشەوە بۆ عەمارە لە کۆتایی مانگی ئازاری ساڵی (١٩٩١)دا کەوتە ناو بۆسەیەکی هێزێکی ئێرانییەوە، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابوو، لەو بۆسەیەدا گرتیان و لەگەڵ خۆیاندا بردیان تەنانەت دوای رووخانی رژێمیش

ئێست ۆچ بەشی چاودێری مافی مرۆڤ/ خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لە ڕاپۆرتەگرنگەکەیاندا دەربارەی جینۆسـاید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسـەر کورد بەرپرسـیاریێتی کۆمەڵکوژی کوریمی لەبەر ڕۆشنایی ئەو ڕاپۆرتە دەخاتە ئەستۆی فیرقەی ۲۹ مێدڵ ئێست ۆچ پشتی بە ڕاپۆرتی هەڵسەنگاندن و شیکردنەوەکەی (تحليل معركة خاتمة الانفال) بەستووە کە فەرماندەی فەیلەقی پێنج (يونس محمد ئەلزەرب) بە ژمارە (ج/۲/۲٤۲۲)ی ڕۆژی (۲٥,۱۲,۱۹۸۸) نوسـیویێتی و ئاراسـتەی سـەرۆکایەتی ئەرکانی سـوپای کردووە، بەو پێیەی ڕاپۆرتەکەی فەرمـانـدەی فەیلەقی پێنج نـاوچەی هێرش ورووداوەکانی دیاری کردووەو بەپێی ئەو هەڵسـەنگاندنە بێت تیپی (۲۹) لە زاخۆ جوڵەی یەکەکانی بەرەو باتوفە ومانگێش بووە، بارەگای تیپەکەش لە مانگێشـک بووە، گوندی (کوریمێ)ش هەروا چوارکیلۆمەترێک دەکەوتە باکووری ناحیێکەوە. [18]

**تەمومژ لەسەر کۆمەڵکوژییەکە**

سـەبارەت بە هۆکارەکانی ئەو کۆمەڵکوژیە قسـەی کەم و هەڵەی زەق کراوە، بۆنمونە بۆچونی کارمەندانی مێدڵ ئێسـت ۆچ هۆکـاری کۆمەڵکوژییەکەی کوریمێ دەگێڕێتەوە بۆئەوەی گونـدی کوریمێ زۆربەی پیاوەکانی سـەربەدەزگای ئەمن بوون، بەڵام لەبەرئەوەی بەدەم بانگەوازەکەی بەعسـەوە نەچوون لەبری

چارەنووسـی هەربە نادیاری مایەوە، لەبارەی ئەوفەرماندە سـەربازییەوە عەمید رکن نجيب الصالحی دەنوسـێت پاسـەوانێکی هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو کەهەڵبێت وبگاتەوە بارەگای تیپ ئەو هەموو شتێکی باسکردووە، هەروەها دەنوسێت: سەرۆکی ئەرکان عەمید رکن عبدالغنی عجيل ئەلئەسەدی ) بە بێتەل لەکاتی گیرانیدا قسەی لەگەلدا کردووە وتوویەتی ( هیلاک و ماندوو بووەو داوای لێکردووم کە هیچ فەرمانێک لەبارەی منەوە دەرمەکەو پەیوەندی پچڕاوە) [17] (رئيس الأركان العميد الركن "عبد الغني عجيل الاسدي" فيقول: اتصل بي القائد في لحظة وقوعه في الأسر بواسطة الجهاز اللاسلكي طالبا مني عدم تنفيذ أي أمر يصدر منه لي بعد هذه اللحظة وكان من خلال صـوته الخافت يبدو متعبا وسـمعته يتألم وانقطع الاتصـال(!) سـەرچاوە: (العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، ل١٦٢).

[18] بەپێی ئەو بەلگانەی دەسـتم کەوتوون تیپی ۲۹ لەکەرتی فەیلەقی پێنجدا بەهۆی بەشـداری کاریگەریانەوە مەدالیای ئازایەتی و دیاری وبەخشـشـی سـەرک سـەدامیان وەرگرتووە، لەنوسـراوی ژمارە /أ/۱۸/۵۸۱۲ ڕێکەوتی ۱۰/ ت۲ / ۱۹۸۸ کە ئاراسـتەی دیوانی سەرۆکایەتی کراوەو بابەت / پاداشت/ ڕەزامەندی سەرۆکایەتی پێشەوای گشتی هێزەچەکدارەکان وەرگیراوە لەسەر بەخشینی (نوط الشجاعه) مەدالیای ئازایەتی بەو ئەفسـەرانەی ناوەکانیان ریزکراوە لەگەڵ پلەکانیان بۆهەریەکەیان کەبەشداری تاوانی ئەنفالی هەشتەمیان کردووە .وێنەیەک بۆ / سەرۆکایەتی کۆمار ( ئەلسکرتێر) تکایە بفەرموون بۆ بەدواداچون ... لەگەڵ ڕێزدا . لە برگەی و – لەلاپەرە (۲) ی بەڵگەنامەکەدا کەنوسراوێکە لەدیوانی سەرۆکایەتیەوە ئاراستەی سەرۆک کۆمار کراوە باس لەوەدەکات ئەو ئەفسەرانەی کە ناویان هاتووە بریتین لە حەوت ئەفسەری پلەبەرزی فەیلەقی یەک و هەشت ئەفسەری فەیلەقی پێنجو سێ ئەفسەری ڕازگر ئەوانەی پێشەوایەتی تیپەکانیان کردووە لە کەرتەکانی فەیلەقی یەکو پێنجدا لە پەلاماری هەشتەم وئەنفالی کۆتایدا بەشـدارییان کردووە ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەنیوان ۲۸ی ئاب هەتا ۲۳ی ئەیلولی ۱۹۸۸ خەڵاتکراون بەبری ۵۰۰۰ پێنج هەزار دینارو بەخشـینی کاتژمێرێکی دەسـتی کە وێنەی بەرێزتانی ( صـدام حسـێن) لەسـەرە عەمید روکن عەبدول جەلیل عەبدولحەمید موحسـین – پێشـەوای (فق مش /۲۹) یە . خاڵی ز- ڕێزلێنانی هەڤاڵانی ڕازگری حزب لە ناو سـوپادا کە ناویان هاتووە بری (۳۰۰۰) سـێ هەزار دیناریان پێ بەخشـراوە لەگەڵ کاتژمێریکی دەسـتی کە وێنەی سـەدام حوسێنی لەسـەرە .یەکەم ناو هەڤاڵ عەمید محمد خەیری محەمەد ڕازگری پێشـەوایەتی ( شعبەی شەرحبیلی سەربازی تیپی ۲۹ یە .

ئەوەی بچنە کۆمەڵگا خۆیان قاچاغ کردو چوونە بن کاچ وئەشـــکەوتەکان، حکومەت تۆڵەی لێکردوونەتەوە بیروورای مێدڵ ئێســـت وۆچ بەم شـــێوەیەیە (تا ئەمڕۆش مەســـەلەکە جێی تێڕامان و لێکدانەوەیە کە بۆچی کوریمێ بەم شـــێوەیە تـاک بکرێتەوە. لە نێو ئەو هەموو تیۆریـانەدا کە بـاســـی لێوە دەکرێت، ڕەنگە گونجاوترینیان ئەوە بێت کەوا ڕۆڵی جارانیان لە ئەمندا کلیلی نهێنیەکە بێت. کوریمێ وەک گوندێکی دڵسۆز، وا چاوەڕوان دەکرا ســـەری ڕەزامەندیی بۆ "هێڵە ســـوورەکەی" ســـاڵی 1987 بلەقێنێو دانیشـــتوانی لە ســـەرژمێریەکەی ئۆکتۆبەردا خۆیان ناونووس بکەن، کەچی لە جیاتی ئەوە گوندەکە خۆی قاچاخ کرد. لەو دەمەوە ئیدی ڕژێم ئەو ئەمنانەی جارانی ئەویی بە خیانەتکاری تایبەت داناو ئەو بەڵگەنامە ڕەسمیانەش کە گیران ئەوە ئاشـکرا دەکەن کە سـزای ئەم جۆرە هەڵگەڕانەوەیە ئیعدامکردنی دەسـبەجێ بووە)([19]) **بڕوانە مێدیل ئێست وۆچ** – ٢٠٠٤ لاپەرە ٣٦٩ بەڵام ئەمە دیوێکی ڕاستەو ئەوەی تری هەڵەیە، لەبەرئەوەی کوریمێ دوو گوند بوون، بۆلابردنی ئەم تەمومژە لەمیانەی دیدارەکەماندا لە یەکێک لە دانیشـــتوانی ئەوکاتەی کوریمێ عەبدولقەهار خەلیلم پرســـی ئەو ئاوا وەڵامی دامەوە ( بەس عەشـــیرەتی ئێمە لەهەموو ناوچەکە پێشمەرگەمان زیاتر بوو، پێشمەرگەی کاراو سەنگەر، گوندی ئێمە خڕهەمووما‌ن پێشمەرگە بووین، بەڵام ئەو ڕاستیەش بەتۆ دەڵێم گوندی ئێمە ناکۆکیەکی تێدا هەبوو، لەسەر نەخشەی دەوڵەتی عێراق دوو گوندن هەردوکیشیان ناویان کوریمێ یە، کورییمی شێران و کوریمێی ئێمە، ئەوان خۆیان گەیاندە لای حکومەت و بوون بەپیاوی دەوڵەت، ئەوەش بووە هۆی ئەوە وا لێکی بدەینەوە کە ئەوان دەیانەوێت بەســـەر ئێمەدا باڵادەست بن، ئەمە وەک لێکدانەوەیەکی تایبەتی خۆم و قەناعەتی تاکە کەسی، ئێمەش بۆئەوەی نەبینە بن دەستەی ئەوان بووینە پێشمەرگە. ئەوە ڕاستیەکە بۆیە ئێمەش هەموو چەکمان هەڵگرت. لەم بارەیەوە لێم پرســـی ئایا ئەوان گەیشـــتنە حکومەت مەبەســـتت ئەوەیە ئەوان بوونە جاش و ئێوەش بوونە پێشـــمەرگە بۆئەوەی نەبنە ژێردەســـتەی یەکتری ؟ لەوەڵامدا عەبدولقەهار گوتی : ئائا ئەوان بوونە جاش بوونە ئەمن، ئەفســـەری پلەبەرزی ئاســـایشـــیان هەبوو لەســـەروەختی بەعس، ئەمنی باوەڕپێکراوی بەعســـیان، ئێمەش بووینە پێشـــمەرگەو ئامر مەفرەزەی پێشـــمەرگە.)[20] لە کۆمەڵکوژییەکەی گوندی کوریمێ دا، ٩ پیاویان خەڵکی گونـدێکی تربوون بەنـاوی چەلکێ، خەڵکی ئەم گونـدەش بەهۆی ئەنفـالەوە لەدوای کیمیـابـارانی گوندەکان لەماڵەکانیان دەرچووبوون و بەنیازی خۆدەربازکردن ملی ڕێگای هات ونەهاتیان گرتبوو، بەڵام دوای ئەوەی سوپا گەیشتە سەرسنورو ڕێگاکانی داخست ئەمانیش نائومێد بوون و لەگەڵ خەڵکی گوندی کوریمێ چارەنوســـیان دایە دەســـت قەدەرو هەرلەگەڵیاندا مانەوەو لێیان جیانەبوونەوە، بەڵام بۆ ســـبەی هەموویـان کەوتنە دەســـــت ســـــوپاوپیـاوەکـانیـان لەگەڵ پیـاوانی کوریمێ گوللە بـاران کران، لەنـاو

---

[19] بڕوانە مێدیل ئێست وۆچ جینۆساید لەعێراق وپەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد وەرگێرانی کوردی ٢٠٠٤ لاپەرە ٣٦٩.

[20] دیداری نوســـەر لەگەڵ عەبـدولقەهـار خەلیـل دەربـازبوویەکی کۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ. دهۆک – نـاحێی مانگێشک ٢٠١٣.

دەربازبووەکاندا دووکەسیان خەڵکی چەلکێ بوون، ئەوانیش سدقی و فەتاح بوون، ئەم دوو کەسە برای یەکتری بوون، فەتاح خێزاندارو باوکی حەوت منداڵ بوو، بەڵام سدقی هێشتا رەبەن بوو، ئێستا هاوسەرگیری کردووەو لەوڵاتی سوید دەژی .

**دەربازبوانی کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ**

١. هاشم محەمەد ڕەشید
٢. عەبدالقهار خەلیل محەمەد
٣. ئەبابەکرعەلی سەعید
٤. عەبدالکریم نایف حەسەن
٥. صدقی عەبدولقادرفتاح
٦. فەتاح عبدالقادر فتاح[21]

بەداخەوە ئێستا هەریەک لە عەبدولقەهارو ئەبابەکر عەلی باری تەندروستییان خراپەو لەماڵەوە لەسەر جێگە کەوتوون . سدقیش پەناهەندەیەکی وڵاتی سویدە.

**ئەو کەسانەی لەکۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ دەرباز نەبوون و هەر لەجێدا گوللەبارانکران و ٢٧ کەسیان کوژران :**

١. خەلیل محەمەد عەبدوڵا باوکی دەربازبوو عەبدلقهار .
٢. سەلام خەلیل محەمەد
٣. عەدنان خەلیل محەمەد
٤. ظاهر مستەفا صادق
٥. زبیر مستەفا صادق
٦. حەمید عبدالله قادر
٧. صدیق عبدالله قادر
٨. سەگڤان[22] حسین قادر [23]
٩. شەعبان حسین قادر
١٠. سەلام حەسەن میرزا

[21] سەبارەت بە فەتاح واباس دەکرا کە دواتر بێسەروشوێنکراوەتەوە بەڵام لەبەدواداچونمدا خاڵێکی خۆی بەناوی حاجی حەکیم جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە لەقەڵای نزارکێ چاوی لێی بووە کە بەعسییەکانی نزارکێ بەبلۆک کوشتوویانە . بەڵام هێشتا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە .

[22] بە زمانی کرمانجی ژورو بادینی سەگڤان بەواتای دەست راست یان نیشان شکێن دێت .

23 لەکتێبەکەمدا (هاشم) کەدەربارەی یەکێک لەم دەربازبوانە نوسراوە، ناوی باوکی سەگڤان بەهەڵەنوسراوە لەبری حوسێن بە عەبدوڵا نوسرابوو .

١١. صالح حەسەن میرزا
١٢. خالد مستەفا اسماعیل
١٣. صلاح مستەفا اسماعیل
١٤. جەبار حەمدی مستەفا
١٥. موراد عوسمان مستەفا
١٦. عبدالرحمن حسین عمر
١٧. حجی سلیمان اسماعیل
١٨. فتاح محەمەد فتاح
١٩. احمد یەعقوب جاسم
٢٠. محەمەد یەعقوب جاسم
٢١. ئەکرم شەریف فتاح
٢٢. موسی شەریف فتاح
٢٣. عبدالستار شریف فتاح
٢٤. نوری عبدالقادر فتاح
٢٥. فاضل حەسەن طاهر
٢٦. رشید جعفر طاهر
٢٧. موراد کریم یەعقوب



**فەتاح عەبالقادرفتاح**

**لە دایکبووی سالی 1952 گوندی چەلکی- ناحی کانی ماسی بەرواری بالا .**

**خێزاندراربووەوباوکی (7) زاروکان بووە.**

**ساڵی 1981 بووەتە پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

**ساڵی 1988 پاشئەوەی لەکۆمەڵکوژییەکەی گوندی کورێمێ رزگاری بوو، جارێکی تر دەستگیرکرایەوەو لەقەڵای نزارکێ شەهیدکرا .**

**دەتوانم بڵێم لەناو دۆسێی ئەنفالی بادینانداچیرۆکی فەتاح زۆرتراژیدیە، ئەو یەکێک بوو لەو (٦) کەسەی لە کۆمەڵکوژییەکەی کورێمێ رزگاریان بوو، دوان لەوان فەتاح وصدقی برای بوون، بەڵام بەداخەوە هەمیشە واباس دەکرا کە فەتاح جارێکی تر لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراوەتەوەو ئیتر دیارنەماوە، بەڵام ساڵی ٢٠١٢ کە سەردانی گوندی کورێمێم کرد، لەوێ چاوم بەشایەتحاڵێکی قەڵای نزارکێ کەوت بەناوی (حاجی حەکیم یاقوب جاسم) لەوێ باسی ئەوەی بۆکردم کە پیاوەکانیان بەداروبلۆک کوشتووە، ئەو گوتی من شایەتی ئەو**

تاوانەم و بەبەرچاوی خۆم و خەڵکی تریشـــەوە بووە، کاتێک لێپرســـی هیچ کام لەوانەت نەدەناســـی کە بەداروبلۆک کوژران ؟ لەوەلامدا گوتی باچۆن یەک لەوانە خوشکەزای خۆم بوو، ناوی فەتاح بوو، بۆدڵنیایی جارێکی تر لێم پرســـییەوە فەتاح عەبدولقادر برای ســـدقی دەڵێی وتی بەڵێ ئەو دەڵێم ئەوە کە گیرابووەوە رەوانەی قەلای نزارکێ کرابوو، من لە نزارکێ بووم کە کۆمەڵێک گەنجیان هێنا یەک لەوانە فەتاح بوو لەوێ بەپێشـــچاوی هەموانەوە یەک لەوانە کچەکەی بەناوی "فایزە" و ژنەکەی بەناوی "ســـەبریە" یەوە بەبلۆک لەگەڵ کۆمەلێک پیاوی تر کوشتیانن. سەیرە هەتا ئەوکاتە هەموو ئەوانەی باسی تاوانی کوریمێیان دەکرد، تەنانەت سدقی برای هەرگیز ئەم راستیەی بۆمن باس نەدەکرد وەک چۆن حاجی حەکیم باسی کرد ! ئێستاش تێنەگەیشتم هۆکاری ئەوە چی بوو کە نەیاندەویست ئەم راستیە باس بکەن !!؟

ناوی ژنو مندالەکانی فەتاح ئەمانەن : خەزان (مردووە)، فائزە ، ناســـیح، ئیحســـان، رۆناهی، عەزیزە، گۆڤان، هەرمان.

## ئەوەی دەبوو خەڵکی کورێمێ بیکەن

بەلای کەمەوە خەڵکی گوندی کورێمێ دەبوو بێ گوێدانە ئەوەی حزب وحکومەت بەتەنگیانەوە دێن یان نا، شوێنێ کۆمەڵکوژییەکەو ئەو سێ چاڵەی کەوا قوربانیەکانی بەکۆمەڵ تێدا داپۆشرابوو، دیاری بکەن و بەلای کەمەوە دیوارێک یان تابلۆیەکیان لە ســـەر جێگیربکەن و نەهێڵن شـــوێنەکەیان ون ببێت، بۆئەوەی وەک یادەوەرییەک لە مێژووی کوردو کورێمێدا بمێنێتەوە، وەها کارێک ئێســتاشی لەگەڵدا بێت کارێکی ئەســتەم و گران نیە، چونکە کاتێک گۆرە بەکۆمەڵەکەی کورێمێ هەڵدرانەوە، خەڵکی گوند بەدیاریانەوە بوون و دەزانن شوێنەکەی کامە بووە، بەلام کاتێک ئێمە چووین بەزەحمەت حاجی عوسمان توانی هەرسێک شوێن گۆرەکە بدۆزێتەوە، ئەگەر ئەو شـوێنانە بەدیوارێکیش ئەسـتەم بێت و لە رووی نرخەوە بۆیان هەڵنەسورێ ئەوا لە تواناداا بوو بەکۆمەکێکی دەســـتەجەمعی هەر هیچ نەبێت لەموچەی ئەنفالکراوەکان و شـــەهیدەکانیان وەک مافێکی خۆیان لەسەر تابلۆیەک رۆژی تاوانەکەو ناوی هەموو شەهیدەکان و تەنانەت ناوی تیپی ۲۹ی سوپاو هەردوو ئەفسەرەکە کە ناویان عەباس و محەمەد بووەو پلەی سەربازییەکەیان ملازم بووە بنوسن و بۆ مێژوو بیهێڵنەوە . بەهیوام هەتا ئێستا ئەگەر نەیان کردووە، لەمەودوا بەو کارە هەڵبستن .

## کۆمەڵکوژی مێرگەتی

لە پێشـــــەوە ئـامـاژەم بەوەکرد کەوا ئەنفـالی بـادینـان بەدواداچونێکی ئەوتۆی بۆنەکراوە، دەنـا جگەلە کۆمەڵکوژی گوندی کورێمێ کۆمەڵکوژییەکی تر لەگوندێکی تری بناری چیای گارە روویداوە، ئەوگوندە ناوی مێرگەتووە یاخود بەشـــێوەزاری ناوچەی بادینان پێی دەگوترێت مێرگەتی، ئەم تاوانەی ســـوپا هەتا ئێستا هیچ میدیایەکی ناوخۆی هەرێمی کوردستان باسیان لێوە نەکردووە، تەنها سەرچاوەی باوەرپێکراو راپۆرتەکەی مێدیل ئێســت وۆچە کە ئاماژەی پێکردووەو رونی دەکاتەوە کە لەویش هەشــت پیاو کۆمەڵکوژ کراون ویەکێکیان دەربازی بووە بەناوی بەنگین مستەفا، بەلام بەداخەوە ئەویش لەژیاندا نەماوەو بەهەمان شـــێوەی فەتاح عەبدولقادر فەتاح گیرایەوەو جارێکی ترنەبینرایەوە، جیاوازی چیرۆکی بەنگین و فەتاح هەرئەوەندەیە ئەم خزمەکانی لەترسـان رادەسـتی دائیرەی ئەمەنیان کردبووەوە بەنیازی سـەلامەتی بەلام

ئیتر بەنگین نەبینرایەوە . بەلام فەتـاح دوای ئەوەی لەکۆمەلکوژییەکەی کورێمێ رزگـاری بوو کەوتەوە دەست سوپاو لە قەلای نزارکێ بەداروبلۆک ئەمنەکانی بەعس کوشتبویان.

مێرگەتوی گوندێکی بناری باشـــووری چیای گارەیە ئەویش لە ٢٥ ئابدا بەرچەکی کیمیایی کەوتووە. سـەبارەت بەکۆمەکوژیەکەی گوندی مێرگەتووی مێدیل ئیست وچ نوسـیویتی : ( سـەد کەسێک لە خەلکی ئەم گوندە هەر ئەو شـەوەی کە بە ڕۆژەکەیدا کیمیاباران کرابوو، لە مالەکانی خۆیاندا سـەرباز دەسگیری کردن، پاشـــان نزیکەی ســـەعاتێک لەلای کانییەکەی گوندا گلیاندانەوەو لە ماوەی ئەو چاوەڕوانیەدا سەربازەکان ئاگریان لەمالەکانیان بەردا. دواتر وەک دەگێڕنەوە، ئەفسەرێکی ئیستیخبارات بە هۆکی ـ تۆکی قسەی لەگەل فەرماندەکانی خۆیدا کردو پێیراگەیاندن کەوا ژمارەیەک لە "تێکدەرانیان" گرتووە. جاشێک کە لە نزیکیەوە وەستابوو و کەمێک لە زمانی عەرەبی دەگەیشت بە ئەسپایی بە خەلکەکەی وتبوو کە کابرا چ فەرمانێکی دراوەتێ: "ژن و پیاوەکان لیکتر جیابکەرەوەو هەموو ئەوپیاوانەی تەمەنیان لە ژوور پانزەوەیە بیانکوژە". ئەوجا دوانزە پیاوجیاکرانە لایەکەوەو کە شـــەو داهات ژنەکان بەپێ بران بۆ شـــارۆچکەی سـەرسـەنگ کە لەوێوە نزیک بوو.لەم بشـێویو تاریکیەدا ئەفسـەرێکی پیادەی دلنەرم لە هەولدانێکیدا توانی چوار لە پیاوەکان لە ناوکۆمەلی ژنەکاندا بشـارێتەوەو ڕزگاریان بکات، هەشـتەکەی تریان بردن بۆ گوندی باوەڕکا کەعبێ لەو نزیکانە. لەوێ ئەفســەری فەرماندەی ســـەربازەکان لە تووڕەییدا چاوی پەڕییە تەوقی سەریو قیراندی بە سەریاندا: "بۆچی ئەمانەتان هێناوە بۆ ئێرە؟ من پێم وتن بیانکوژن، چۆن فەرمانی منتان بەجێ نەهێناوە؟" ئەوجا کابرا فەرمانەکەی دووپات کردەوە: ئەم پیاوانە دەبێ بگێڕدرێنەوە ئەو شـــوێنەی گیراون و لەوێ گوللەباران بکرێن. بەم ڕەنگە لەو شوێنەدا کە 300 یاردێک لە مێرگەتوی دووربوو دەست و قاچی گیراوەکانیان بە یەکەوە بەسـت و بە کلاشـینکۆف دایانگرتنەوە).([24]) بۆ بەدواداچوونی ئەم تاوانە خزمی یەکێک لە قوربانیەکانی ئەم کۆمەلکوژیەم دۆزییەوەو بەلێنی پێدام کە وردەکاریی و زانیاری زیاترم دەربارەی تاوانەکە پێبدات بەلام وا ٥ مانگ بەســەر بەلێنەکەیدا تێپەڕیوە هیشـتا هیچ زانیارییەکی نوێم لێی چنگ نەکەوتووە. ئەوەی میدیل ئیسـت وچیش نوسـیوێتی ئیشـتی بە شـایەتیی خزمانی یەکێک لەو هەشـت پیاوە بەسـتووە، کەوا لە کاتی گوللە بارانەکەدا بریندارببووەو دواجار خۆی گەیاندووەتە بارەگایەکی جاش لە کۆمەلگای قەدش، بەلام لە دواییدا خێزانەکەی لە ترسـا دەیدەنە دەسـت ئەمنەوە لە سـەرسـەنگ وئیدی لەوێوە سەرنگوم دەکرێت. حەوت پیاوەکەی تریش کە هەر لەوێدا کوژرابوون ناوی شەش کەسیان زانراوە کە ئەمانە بوون:

1- محمد صالح عبدالقادر (لەدایکبووی 1938)،
2- مستەفا عبدالقادر مستەفا (لەدایکبووی 1926 یان 1927).
3- سلێمان شعبان چچۆ (لەدایکبووی 1956).
4- عادل محمد خالد (لەدایکبووی 1961).
5- ڕەمەزان أحمد حمو (لەدایکبووی 1968).
6- حمید أحمد حمو (لەدایکبوونی نەزانراوە).

[24] بروانە مێدل ئیست وچ جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- وەرگێری کوردی محەمەد حەمەساڵح توفیق- خانەی وەرگێران – چاپی دووەم ٢٠٠٤ لاپەرە ٣٧١-٣٧٢

7- دەربازبووە کەش بەنگین مســـتەفا عبدالقادر (لەدایکبووی 1966). بوو کە لەســـەرەوە باســـمان کردووە، پێدەچێت مستەفا عەبدولقادرمستەفا باوکی بەنگین بێت کە لەو کۆمەڵکوژییەدا بووە.

بەوپێیەی ئەم گوندە کەوتبووە ناوچەی عەمەلیاتی فیرقەی پیادەی ٤١ی سوپای عێراقەوە. بەپێی بەدوادچوونی مێدڵ ئیست وۆچ فیرقەی ٤١ بەرپرسیاری کۆمەڵکوژییەکەی مێرگەتووە، چونکە ئەو هێزە سەرپەرشتیی کەتیبەیەکی کۆماندۆی فەیلەقی شەشی دەکرد لەگەڵ سێ لیوای پیادە ژمارە ١٠٣ و ١١٤ و ٧٠٦ دا. فەرماندەی یەکێک لەم سێ لیوایە ـــ کە دەسنیشان نەکراوە کامیانە, بەرپرسی یەکەم ڕەتڵ یان هێزی هاوبەشی فیرقەکە بوو بۆگرتنی چیای گارەو دابەشبوون بە سەر پێگەو شوێنەکانیدا، کە لە بنکەی خۆیەوە لە سەرسەنگ و لە یەکەم کاتژمێرەکانی پەلامارەکەدا بەرەو ڕۆژهەلات بە ناو مێرگەتویدا پێشڕەویی کردووە بەوپێیەی مێدڵ ئێست وۆچ لە راپۆرتەکەی فەرماندەی فەیلەقی پێنج زانیاری هەڵهێنجاوە هەر ئەوهێزە ئەنجامدەری تاوانەکە بووە . بۆدڵنیایی من بەراوردی هەردوو راپۆرتەکەی میدل ئیست وۆچ و راپۆرتە شیکارییەکەی لیوارکن یونس محەمەد زەربم کرد، زانیارییەکان دروستن و گومان ناهێڵنەوە. ([25]) لە دیدارێکی نێوادمانداندا ژنێکی گوندی بەناوی خەدیجە کە بەڤیدیۆ تۆمارکراوە، باس لە ئەنفالکردنی گوندەکەیان دەکات و دەڵێت: لە نزیک گوندەکەی ئێمەش پیاوەکان خڕکرابوونەوەو خەریکبووە بیانکوژن، بەڵام ئەفسەرەکە گوتوویەتی من ئەو گوناحە ناهێنمە مل خۆم و دەیانێرم بۆ قەڵای نزارکێ لەوێ کێ دەیانکوژێ و گوناهبار دەبێ بابێت . عەبدولقەهارخەلیلیش لەدیدارەکەیدا باسێکی هاوشێوە دەگێڕێتەوەو دەڵێت : **(هەمان ڕۆژی ١٩٨٨/٨/٢٨ لەپەلاماری ئەنفالدا گوندێکی تر هەیە بەرانبەری گوندی کوریمێ ( دیهێ)ی پێدەڵێن (گەلی دیهێ) بەهەمان شێوەی ئێمە هەمان حاڵەت هەموو پیاوەکانیان جیاکردبووەو کۆیانکردبوونەوە، بەهەمان شێوەی ئێمە چاوبەست و قۆڵبەستیش کرابوون، تەنها مابووەوە سەر ئەوەی فەرمانی گوللەبارانیان بدەن، بەڵام ئەو ئەفسەرەی لەوێ ببوو وتبووی من ئەو گوناهە ناخەمە ئەستۆی خۆم، من پیاوێکی عەسکەریم دەیانێرم بۆ دهۆک با کەسێکی ترئەوکارە جێبەجێ بکات " بیانکوژێت"..ئەوە عەبدولقەهار بەچاوی خۆی بینیبووی کاتێک خۆیان ڕادەستی موستەشارەکە (خالد شێخۆ)کردبوو، ئەویش بەنیازی ئەوەی هەواڵێک بزانێ دەربارەی نیازی ڕۆژانی داهاتوو سواری سەیارەی کردبوون چووبوونە گەلی دیهێ لەوێ ئەفسەرێکی ناسیبوو بۆیە چووبوون بە نیازی ئەوەی بزانێت هیچ هەواڵێکی لێبوردنی گشتی دەستناکەوێ هەتا ئەم کەسانەی خۆیان رادەستکردووە پێپاریزی، لەوێ عەبدولقەهار بینیبووی کەوا بەهەمان شێوەی کوریمێ پیاویان ریزکردووە بۆکوشتن، بەڵام ئەفسەرەکە رای گۆریبوو وتبووی من ئەو گوناهە ناهێنمە سەرشانی خۆم، بیانبەن بۆ قەڵای نزارکێ تەنانەت ئەفسەرەکە بە خالید شێخۆی گوتبوو ئەو گوناهە لە ئەستۆی موستەشارو ڕەفیق حزبییەکاندایە من ئەوەناکەم .**

---

[25] بروانە لیوارکن یونس محمد زەرب شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی"، لاپەرە 17 - 19. مێدڵ ئێست وۆچ هەمان سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە ٣٧١

## ئەوکچە ناوی ئەنفال بوو !




لە ڕاپۆرتە بایەخدارەکەیاندا ڕێکخراوی میدیل ئێست وۆچ لە بەشی بەڵگەی پزیشکی دادوەریدا لە دوای هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی برجینی و کوریمێ، دێتە سەر باسی هەولێر، لەوێد نوسیویانە : (تیمەکە لە گۆڕستانی کۆمەڵگایەک، کە دەربازبوانی ئەنفالی بۆ ڕاگوێزرابوو، کەوتە گۆڕ هەڵدانەوەو پشکنینیان. گۆڕستانەکە لە لایەن سپۆڕانی ئارکیۆلۆجیەوە ڕوو پێو کرا بۆ دەسنیشانکردنی ڕێژەی گۆڕی منداڵو گەورە.زاناکانی پزیشکیی عەدلیش گۆڕی سێ منداڵیان هەڵدایەوە، کە یەکێک لەوانە وەک باسدەکرا لە لایەن دەربازبوویەکی گوندی کوریمێ وە هەڵکەندرابوو و لاشەی خوشکە ساواکەی تێخستبوو. پشکنینی گۆڕەکەش پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو و نیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.) **بروانە میدیل ئیست وۆچ – جینۆساید لە عێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد، چاپی سێهەم ٢٠١٣ چاپخانەی کەمال– وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە محەمەد حمەساڵح توفیق – ل ٥١)**

لەگەشتێکمدا بۆ کوریمێ بە ڕێکەوت چاوم بە برایەکی ئەو منداڵە کەوت کەوا تیمەکە هەڵیانداوەتەوە، هەر لەگەڵ بیستنی چیرۆکەکەیان یەکسەر ئەم باسەی میدڵ ئێست وۆچم بیرکەوتەوە، فاخر تاهیر دلنیایی کردم ئەوەی لە ڕاپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ دا ناوی هاتووە خوشکەکەی ئەوە و خەڵکی کوریمێ یەو ناوی (ئەنفال) بووە ! کەچی سەیرە..! چیرۆکی ئەو کچەو خانەوادەکەی نەبوونە جێگە بایەخی میدل ئێست وۆچ ؟!

### گەشت بۆ کوریمێ و ڕێکەوتێکی گرنگ :

ڕۆژی ٢٠١٣/٨/٢٨ سەردانی گوندی کوریمێم کرد لەناوچەی بادینان،ئەو ڕۆژە یادی کۆمەڵکوژی پیاوان و گەنجانی گوندەکەیان بوو، کە لەقۆناغی هەشتی ئەنفالدا دوای ئەوەی خەڵکی گوندی کوریمێ و هەندێک کەسی گوندی چەلکێ بە ژن و پیاوەوە خۆیان ڕادەستی یەکەیەکی سوپا کرد، زۆری نەبرد کە دوو ئەفسەر ٣٣ پیاویان لە ژن و منداڵەکان جیاکردەوەو ٢٠٠ مەترێک خوارتر لە زێدی خۆیاندا گوللەبارانیان کردن. بەپێی ئەو زانیاریانەی لە نوسراوەکانی بەعسدا بەردەستم کەوتوون، ئەو یەکە سەربازیە سەربە تیپی ٢٩ی سوپای عێراق بوون و سەربازی ئەو تیپە تاوانەکەی ئەنجامداوە.

یەکێک لە دەستکەوتە گرنگەکانی ئەو سەردانەم بۆ ناوچەی بادینان بەدەستهێنانی زانیاری بوو لەسەر ئەو کچەی کە لەبەحرکە مردبوو، لەراپۆرتەکەی میدل ئێستوۆچدا ئاماژەی پێکراوە، کچەکە دوو مانگ پیش ئەوەی ئەنفال بگاتە بادینان لە دایک ببوو، باوکی کچە (تاهیر مستەفا) کە لەئەنفالدا گیراو لە قەڵای نزارکێ بە پێشچاوی خەڵکەوە بەعسیەکان بەبلۆک کوشتیان، وەک بزانێت ئیدی چاوی پێیان ناکەوێتەوە، وەسێتی بۆ هاوژینی کرد و گوتی : من ناوێرم خۆم رادەستی حکومەت بکەمەوە دەڕۆم بۆ ئێران بەڵام ئەگەر نەم بینینەوە ناوی ئەم کچەمان بگۆرە بۆ ئەنفال، فاخر دەڵێت بابم جەختی کردەوە ناوی بنێن (ئەنفال) ! کە پێشتر ناوی (فرمان) بوو، تاهیر مستەفا لەبەرئەوەی نەیدەویست بکەوێتە دەست سوپا ڕۆیشت و ژن ومنداڵەکانیشی لە کوریمێ گیران و لەگەڵ خەڵکەکەی ڕەوانەی قەڵای نزارکێ و دوای ئەویش رەوانەی سەربازگەی سەلامێ کران، ئەوسا سەلامیە بنکەیەکی کۆکردنەوەی ئەنفالکراوەکانی ناوچەی بادینان بوو، لەوێ (ئەنفال– فەرمان) توشی بەدخۆراکی بوو، لەبرسان و لەگەرما حاڵی گەیشتبووە گیانەڵا، چەند ڕۆژێک دوای لێبوردنە گشتیەکەی ٦ی ئەیلولی ساڵی ١٩٨٨ ڕیزێک سەیارەیان هێناو ژن و منداڵەکانی سەلامێیان

فرێدایە ناوی و ڕەوانەی کۆمەڵگەی بەحرکەیان کردن، بەڵام (ئەنفال) زۆرنەژیاو مرد، براکانی لەگۆڕێکی بچکۆلەدا لە گۆڕستانێکی بەحرکەدا ئەسپەردەی خاکیان کرد. لە ئایارو حوزێرانی ساڵی ١٩٩٢ ڕێکخراوی میدڵ ئیست ووچ و پزیشکانی مافی مرۆڤ، تیمێکی توێژەری پزیشکیی دادوەرییان نارد بۆ کوردستان. تیمەکە پێکهاتبوون لەو لێکۆڵەرەوانەی کە ڕاهێنرابوون لە سەر ئەنترۆپۆلۆجیای پزیشکی دادوەری و ئارکیۆلۆجیا و یاسا. لە سێ شوێنی کوردستان گۆڕیان هەڵدایەوە، یەکێک لەوانە گۆڕی ئەو منداڵە ساوایە بوو کە ناوی (ئەنفال)ەو ئێستا جێگەی باسەکەمانە، تیمەکە پێشتریش بە ستانداردی جیهانی پزیشکی دادوەری لە گوندی کوریمێ و گوندی برجینێ گۆڕیان هەڵدابووەوە، دواتریش لە بەحرکە گۆڕی ئەم کچەو دوانی تر یان هەڵدایەوە لەڕاپۆرتەکە یاندا مەیدڵ ئێست وۆچ بەشێوەیەکی لاوەکی باسی هەڵدانەوەی گۆڕی ئەم کچەو دوو منداڵەکەی تر لەبەحرکە دەکات، بەبێ ئەوەی هیچ لەبارەی چیرۆکی خانەوادەکەی و چارەنوسی باوکیانەوە بنوسن لەکاتێکدا لەناو ئەو سەدان چیرۆکەی لە ڕاپۆرتەکەیاندا یاداشتیان کردووە، ئەگەر نەڵێم چیرۆکی ئەم خانەوادەیە لەهەموویان کارگەرترە ئەوا دەتوانم بە دڵنیاییەوە بڵێم لە دەیان چیرۆک و بەسەرهاتی ئەنفالکراوانی بادینان لە قەلای نزارکێ و کەمپی سەلامێ تراژیدی ترو کاریگەرترە، بەلای کەمەوە لەلای من بەسەرهاتی ئەم کچەو خانەوادەکەی و باوکیان زۆر بە ئازارن !

**چۆن دەستم بەم زانیاریە گەیشت ؟**

سەرلەبەیانی ڕۆژی ٢٩ی ئابی ٢٠١٣ بەنیازی وێنەگرتنی شوێنی تاوانەکەو شوێنی ئەو چاڵانەی تەرمەکانی کۆمەڵکوژی پیاوەکانی چەلکێ و کوریمێی تێدا شاردرابوونەوە، لە کوریمێ وە شۆڕبووینەوە، بەرلەوەی بگەینە شوێنەکە بەرێکەوت چاوم بە فاخرتاهیر مستەفا کەوت، ئێمە لەگەڵ کاک سمکۆ سابیر و کاک هاشم محەمەد ڕەشید کە یەکێک بوو لەدەربازبوانی کۆمەلکوژیەکەو حاجی عوسمان کوریمەیی بەنیازی وێنەگرتنی شوێنی روداوەکە بووین، کامێرای ڤیدیۆکەم بەدەستەوە بوو، لە دامێنی گوندی کوریمێ چاوم بەفاخرتاهیر مستەفا کەوت، ڕێکەوتێکی زۆر گرنگ و بایەخدار بوو، هەروەک خۆشی لەدوای گفتوگۆکەمان گوتی من بەرێکەوت هاتمە ئێرە، بەڵام زۆر ڕێکەوتێکی باش بوو، بەهیوام ئەم قسانەم بلاو ببنەوە، من کە بۆ خۆشم نازانم چۆن بەخەیاڵمدا هات پرسیاری لێبکەم ! ڕوی کامێرام تێکردو داوام لێکرد چی دەزانێت دەربارەی ئەنفالی گوندەکەیان بۆم باس بکات، کەچی زانیاری زۆر گرنگی دەربارەی هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی کوریمێ و هەڵدانەوەی روفاتی خوشکەکەی لە بەحرکە پێدام.

دوای ئەوەی سلاوم لێکرد ئەو بەشەرمێکەوە وەڵامی دامەوە، پرسیارم لێکرد ئایا تۆش کەسوکارت لەو کۆمەڵکوژیەدا هەیە؟ لەوەڵامدا گوتی بەڵێ مام و ئامۆزام هەیە بەڵام بۆخۆشم بە ڕێکەوت ڕزگارم بوو ! دەرفەتی نەهێشتەوە لێی بپرسم چۆن ڕزگارت بوو، ئەو گوتی بریا بابیشم هەرلێرە بکوژرایە هەر هیچ نەبێ ئێستا دەمانزانی تەرمەکەی کامەیە، لەقسەکانی بەردەوام بوو، گوتی بۆیە وادەڵێم چونکە بابی من لەقەلای نزارکێ کوژراو ئێستاش نازانین تەرمەکەی لە کوێیە. پرسیم : چۆن دەزانن باوکیان لەقەلای نزارکێ کوژراوە؟ فاخر گوتی حاجی موسا پیرەمێردێکی خەڵکی کوریمێ یەو هەر خزمی خۆشمانە ئەو بەچاوی خۆی دی بووی ئەو گوتی فاتیحای بۆ بخوێنن و بەتەمای مەبن چونکە من بەچاوی خۆم دیومە کە بەعسیەکان بەبلۆک کوشتیان . هەلبەتە تاهیر مستەفا تەنیا کەس نەبووە کە لە نزارکێ بە ئەشکەنجە کوژرابێ، زۆر شایەتحاڵ قسەیان بۆ کردووم لەبارەی ئەو دیمەنانەوە، حاجی حەکێم خەڵکی گوندی چەلکێ بۆی گێرامەوە کە لە پەنجەرەیەکەوە خوشکەزاکەی خۆی بینیوە لە ناوحەوشەی قەڵای نزارکێ بە بلۆک کوشتوویانە، خوشکەزاکەی حاجی حەکیم (فەتاح عەبدولقادر)ە کە یەکێک بوو لە دەربازبووەکانی کۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ، ئەو بەبرینداری دەربازی بوو بەڵام دوایی لەلایەن سوپاوە دەستگیرکراو ڕەوانەی قەڵای نزارکێ کرابوو. کەریم نایف یەکێکە لەو شایەتحاڵانەی باسی قەلای نزارکێی بۆ گێرامەوە دەڵێت: لەوێ ئەوەی زۆر تۆقێنەر بوو ئەو بلۆکە خوێناویانە بوون کە خەڵکیان پێ کوشتبوون .

فاخر ماوەیەکی باش ڕایگرتم و هەر بەسەر پێیانەوە دیدارێکمان سازکرد، کاک هاشم و ئەوان کە هەر بە دیارمەوە ڕاوەستابوون، لە چاویاندا دەمخوێندەوە وەک بڵێی داوام لێبکەن پەلە بکەم بۆئەوەی زوو بچینە خوارەوە بۆ شوێنی کۆمەڵکوژییەکە، بەڵام زانیاریەکانی فاخر بۆمن زۆر گرنگ وبایەخدار بوون، فاخر گوتی ئەو منداڵە خوشکی من بوو (ناوی فەرمان بوو بەڵام بابم گوتی ناوی بگۆڕن بە ئەنفال) ! .

ئەگەرچی من لەکاری مەیدانی خۆمدا زۆر گرنگی بە گێرانەوەی چیرۆکەکان دەدەم بەڵام ڕێکەوتی بینینی فاخر گەیاندمیە ئەو بڕوایەی هەموو شایەتحاڵێکی ناوچە ئەنفالکراوەکان زانیاری گرنگیان لەلایە بۆیە هەقە گرنگیان پێبدرێت، جێگەی هەڵوەستەیە لە دوجار سەردانماندا بۆ کوریێمێ کەهیچ کەسێک بۆی باس نەکردبووم کە فاخرتاهیر وخانەوادەکەی زانیاریان دەربارەی ئەنفال لەلایە باش بوو بەرێکەوت توشم بوو، کەچی هەندێک زانیاری زۆر گرنگی پێدام گرنگترینیان ئەم زانیاریانە بوون :

یەکەم : دەربارەی چارەنوسی خۆی بوو، ئەم کوڕە، سێ جار خراوەتە ناو پیاوەکانەوەو هێناویانەتەوە ناو ژن ومنداڵەکان دەنا ئەویش دەبوو یەکێک بێت لەو کەسانەی کە لە کوریێمێ بەردەستریژی گوللەدران وکوژران، فاخر تاهیرو خەڵات خەلیل لەو منداڵانە بوون لە ڕۆژی ٢٨ی ئابی ساڵی ١٩٨٨ لە نێوان مەرگ و ژیاندا ڕاگیرابوون، ئەگەرچی تەمەنیان منداڵ بووە، بەڵام لەبەرئەوەی باڵایان هەبووە لە جیاکردنەوەو پۆلێنکاریدا ئەفسەرێک لە دوو ئەفسەرەکە، کە دوو ملازم بوون بەناوی (ملازم عەباس وملازم محەمەد) ئەفسەرێکیان (ملازم محەمەد) سێ جار قۆڵی گرتوون و بردبوونیە ناو ریزی پیاوو گەنجەکانەوە، بەڵام ملازم عەباس دەیهێنانەوە ناو ژنەکان، سەرئەنجام ژنەکان توانیان لەبن باڵی خۆیان بیانهێڵنەوەو لەمەرگی دەستەجەمعی رزگاریان بکەن. ئێستا فاخرو خەڵات هەردوکیان گەنجن و لە ناحێی مانگیش دژین.

دووەم: هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵکەی گوندی کوریێمێ بوو، ئەو چاڵانەی کە ڕوفاتی پیاوە بەکۆمەڵکوژراوەکانی کوریێمێی تێدا بوو. فاخر دەیگوت تیمەکە بیانی بوون، زۆر بەوردی بەدوای هەموو شتێکدا دەگەڕان، پێشتر لەگەڵ خەڵکی گوندەکە قسەیان کرد،ڕوداوەکە چۆن بووە؟ ئینجا دەیانپرسی ئەوانەی کوژراون کێ بوون، ناویان چی بووە نێر بوون یان مێ بوون ؟ ئەوەی زۆر مایەی سەرسامی فاخرو خەڵکی کوریێمێ بووە، پرسیویانە کورەکەتان یان پیاوەکەتان کە لەو گۆڕەدایە جگەرە کێش بووە؟ پێشتر نەشتەرگەری بۆ کراوە دانی هەڵکێشراوە یان نا؟ لێرەدا وەک سوپاسگوزارییەک بۆ تیمەکە بەسەر سوڕمانەوە چیرۆکی هەڵدانەوەی روفاتەکانی گێرایەوەو گوتی پیاوێک هەبوو پێشتر لەکاری لەحیمکاریدا پەنجەیەکی برابووەوە لەهەڵدانەوەکەدا ئەمە بۆ تیمەکە بووە کێشە، هەر مشتومڕیان بوو ئێمە نەماندەزانی گرفتیان چیە، بەڵام روفاتەکە بەهۆی جلوبەرگەکەیەوە ناسرابووەوە ئینجا لەگەڵ هاوژینەکەی گفتوگۆیان کرد، ژنەکەی گوتی مێردەکەم پەنجەیەکی نەبووە چەند ساڵێک پێش کۆمەڵکوژییەکە لەکاردا پەنجەیەکی قرتاوە . ئینجا تیمەکە گوتیان تەواوە ئێمە دوو ڕۆژە بەدوایٔ ئەو پەنجەیەدا دەگەڕێین !

سێهەم : هەڵدانەوەی گۆڕی خوشکە بچکۆلەکەیان بوو کە لەسەر وەسێتی باوکیان ناونرابوو ئەنفال و لە کۆمەڵگای زۆرەملێی بەحرکەدا مردبوو،پێی ڕاگەیاندم کەوا ڕێکخراوەکە هاتن بۆ هەڵدانەوەی گۆڕە بەکۆمەڵەکەی ئێرە (کوریێمێ) لەو کاتەدا چیرۆکی مردنی خوشکەکەمان بۆ گێرانەوە، دوایی ئەوانیش ئێمەیان بردو چون گۆڕەکەیان هەڵدایەوە، دوای ئەوەی شیکاریان بۆ کرد ئینجا گوتیان ئێوە ڕاست دەکەن لەبەرکەم خۆراکی مردووە) خوێنەری بەرێز دەتوانێ تیبینی ئەوە بکات کە پەرەگرافی یەکەمی ئەم نوسینە لە ڕاپۆرتەکەی میدل ئێست وۆچ هەڵگوازراوە ومن کردومەتە دەستپێک کتومت لەگەڵ قسەکانی فاخر یەکتری پشتڕاست دەکەنەوە. بەتایبەتی ئەم دوو دێرەی کۆتایی : (پشکنینی گۆڕەکە پشتگیریی باسەکەی دەکردو پاشماوەی پەیکەرە ئێسکی کچێکی ساوای تێدا بوو کە تەمەنی نزیکەی ساڵێک دەبوو ونیشانەی بەدخۆراکیشی پێوە دیار بوو.) جێگەی ئاماژەیە کەوا ڕاپۆرتەکەی میدیل ئێست وۆچ هەر لەو بەشەدا بەدرێژی باسی هەڵدانەوەی گۆرەکان و تیمەکانی گوللەبارن و بارودۆخی گیراوەکانی سەلامێ و نزارکێ دەکات، بەتایبەتی لە سەر میتۆدۆلۆجی و ڕێبازی کارکردن لە سەر دۆکیومێنت و شایەت و بەڵگەی پزیشکیی دادوەری لەبارەی هەڵدانەوەی گۆرەکانی برجینی و کوریێمێ لەم ڕاپۆرتەدا هاتوون و تایبەتن بەم باسە.

**یادەوەری فاخر لەقەڵای نزارکێ و سەلامیە.**

ئەوەی هەتا ئێستا لەیادەوەری فاخردایە ئەو بارودۆخە دۆزەخیەی ناو قەڵای نزارکێی و سەربازگەی سەلامێیە، فاخر دەڵێت: بەچاوی خۆم بینیم کە کە لەناو حەوشە گەورەکەی قەڵای نزارکێ دا منداڵیان خستە ناو بەرمیلی ئاگرەوەو سوتاندیان، من لەقاتی سەرەوە بووم، چاوم لێبوو کەوا سەربازەکان کورد دەکوژن، زۆرن ئەو منداڵانەی کوشتنی باوک و خزمەکانیان بەچاوی خۆیان لە نزارکێ بینیوە، فاخریش یەکێک بوو

لەو منداڵانەی تاهیری باوکی لە نزارکێ بەبلۆک کوشـــتویانەو ســـەریان تەقاندووە، بەڵام لەوەدا بەختی هەبووە کە دیمەنی کوشـــتنی بـاوکی بەچـاوی خۆی نەدیوە دەنـا زۆر ژن ومنـداڵ دیمەنی بـاوک و براو هاوسەرەکانیان بەچاوی خۆیان دیووە.

فاخر گوتی رۆژێک گوتیان کۆببنەوە دەتانبەن بۆ شـــوێنێکی خۆش لەوێ ئۆتۆمبیل چاوەڕێی دەکردین بمانگوازنەوە،بەڵام نەماندەزانی بۆکوێیە، شوێنە خۆشەکە! سەربازگەی سەلامێ بوو لەلای موسڵ کە زۆر ژن ومنداڵ تیایدا مردن، دەڵێت: خوشکەکەم لە سەلامێ زۆری برسی بوو دایکم شیرین نەبوو بیداتێ براکەم ناوی مستەفایە چوو لەسـەر بازێک پاڕایەوە هەندێک ماسـتی بداتێ بۆ خوشـکە برسـیەکەمان بەڵام سـەربازەکە ئەوەندەی لێدا خەریک بوو مستەفاش بمرێ .

ئەو ئۆتۆمبیلانەی ئەمانیان پێگوازرایەوە بۆ سـەلامیە زۆرجاری تر بینیبوونی کە خەڵکیان پێگواسـتووەتەوە فاخر دەیگوت ئەوانە جۆرێک بوون پاســیش بوون و پاســیش نەبوون وەک پاس وابوون، بەڵام دەرگاو پەنجەریان نەبوو داخراو بوون و تەنها یەک پەنجەرەی بچووکیان لە پشتەوە هەبوو. هەندێ جاریش پاسی کۆستەری ئەهلی بوون کە بە سوغرە دەیانگرتن و جاری واش بووە ئیڤای سەربازی بوون. دوا وێنەی نزارکێ لە مێشـــکی فاخرو ئەو ئافرەتانەی بادیناندا کەمن دیوومن، بەردەوامیی ئەو دەردو ئازارەیە کە لە نزارکێ بینیویانە، نزارکێ شـــوێنێک بوو کەرامەتی مرۆڤی تێدا ژێر پێدەنرا، دەربازبوانی ئەو گرتووخانەیە زۆر مەیلی گێرانەوەی بەســـەرهاتەکانیان ناکەن، هەندێکیان شـــەرم لە گێڕانەوەی دەکەن و هەندێکیشـــیان لە سۆنگەی ئەو ئەشکنجەدانەی پیاوەکانیانەوە دەری دەبرن و دەگرین و فرمێسکی گەرم دەڕێژن و هەتا ئێستا پێوەی دەتلێنەوە،

هەرلەبارەی مامەڵەی دڵرەقانەی ســـەربازو پیاوانی رژێم میدیل ئێســـت ۆچ نوســـێویتی : ئەو ئۆتۆمبیلانەی ژن و منداڵەکانیان هەڵگرتبوو بەرە و باشـــوور بۆ لای مووســـڵ ڕۆیشـــتن و پاشـــان بایاندایەوە ســـەر ڕێگای بەغدا. لە ئۆتۆمبیلێکیاندا ژنێکی دووگیانی خەڵکی ناوچەی ئامێدی ژان گرتی، ژنەکانی تر هاواریان لە شۆفێرەکە کرد بوەستێ، بەڵام کابرای شـۆفێر ملی نەداو سـەربازێکی جەنگاوەریش شـەقێکی بۆ ژنە دووگیانەکە داهێنایەوە. پاشـان هەر بە دەم ڕۆیشـــتنی ئۆتۆمبیلە پڕلە خەڵکەکەو هەڵبەزو دابەزیەوە بە ڕێگادا ژنە منداڵەکەی بوو. منداڵ ماو ناویان نا هاوار. بروانە میدل ئیست ۆچ هەمان سەرچاوە ل٣٧٩

فاخر دەڵێت: سـەلامیە رۆژی حەشـربوو دەڵێن دۆزەخ هەردوکیان نزارکێ و سـەلامێ دۆزەخی کوردان بوون، کەگوتیان دەتانبەین بۆ بەحرکە وامانزانی دەمانبەن دەمانخەنە ناو بەحرەوە، ئێمە نەماندەزانی بەحرکە لەنزیک هەولێرە، واماندەزانی بەحرە، ئەمەش تەنها تێگەیشـــتنی فاخر نەبووە بەڵکو زۆر لە دەربازبوانی نزارکێ بۆیان گێراومەتەوەو تێگەیشتنیان وابووە، هەریەک لە ئەبابەکر عەلی و قەهار خەلیل و کەریم نایف کەماوەیەک لەنزرکێ دەستەبەسەر بوون، قسەیان بۆکردووم و بە ڤیدیۆ دیدارەکانیانم تۆمارکردووە هەر وا دەڵێن : وامانزانی دواجار دەمانبەن دەمانخەنە ناو بەحرەوەو دەمانکەن بەخۆراکی ماسی.

سەرئەنجام گوندەکانی بادینانیش ئەوانەیان لێ بەدەر کە بەهۆی کێشەی خێڵەکییەوە وەک سورچی وهەرکی و دۆڵەمەرییەکـان لەدژی مـاڵبـاتی بـارزانی ببوونە جـاش ئەوانی دی هەموویـان لەگەڵ زەوی تەختکران. هەربۆیە لە دوا قۆناغی ئەنفالدا هەندێ خەســـڵەتی تایبەتی و جیاکاری بەدی دەکرێت لەچاو قۆناغەکانی تردا. ئەو گرووپە خێڵەکیانەی کەوا لەگەڵ رژێمی بەغداد ڕێک بوون و لە تاوانی ئەنفالیشدا رۆڵی باشیان بۆ بەعس بینی و بەشداریيان لە روخاندن وگرتنی ماڵی گوندنشـینەکانی تردا کرد توانییان خۆیان لە ماشـێنی وێرانکاری ئەنفال بپارێزن. بۆیە ژمارەیەکی بەرچاوی گوندەکانی بادینان و دەوروبەری، هەر هیچ نەبێ بۆ

ماوەیەک مانەوە، بە تایبەتی گوندەکانی سوورچی، زێباری، برادۆست و دۆڵەمەری. ئەو گوندنشینانەش کە ڕزگاریان بوو، خۆیان دایە بن باڵی موستەشارەکان، ئەویش ئەگەر بیانتوانیایە قەناعەت بە بەرپسە حزبیەکان بکەن کە ئەوانەپێشمەرگەو هەواداریان نەبوون و هاوڵاتی خراپ نەبوون.

## پاشكۆی وێنەو بەڵگەكان



کورێمێ شوێنی کۆمەڵکوژییەکە








شایەتحاڵەکانی گوندی چەلکێ

حاجی شەریف فەتاح      حاجی حەکیم یەعقوب

٢٧٤

005313

سري للغايـــه

ز. تنسب بكتاب الديوان سري وشخصي ١٤٦٧١ في ١٦ تموز ٨٨ المبلغ الينا بكتاب رئاسة اركان الجيش سري وشخصي ٨٦١ في ٢٠ تموز ٨٨ (عن وجوب اكمال الانفالات بعد الاعياد وبزخم عالي باذن الله)

ح. تم تأجيل عملية الانفال (٦ و ٧) في اللقاء الذي جرى في مقر قيادة الفيلق الاول في كركوك صباح يوم ٢٦ تموز ٨٨ وبحضور معاون رئيس اركان الجيش للعمليات ومدير الحركات العسكرية وبموجب كتاب رئاسة اركان الجيش سري للغاية ٩٤٣ في ٢٦ تموز ٨٨ لحين تأمين مستلزمات العمليـــة.

ط. تم الايعاز من قبل السيد نائب القائد العام للقوات المسلحة المبلغ الينا بكتاب رئاسة اركان الجيش سري للغاية وشخصي ١٤١ في ٢٨ تموز ٨٨ بتوجيه ضربة محكمة الى المخربين في قاطع بهدينان.

ي. جرى لقاء في مقر قيادة الفيلق الاول في كركوك يوم ٧ آب ٨٨ برئاسة الرفيق علي حســن المجيد عضو القيادة القطرية امين سر مكتب تنظيم الشمال ومعاون رئيس اركان الجيش ومدراء الحركات العسكرية وطيران الجيش وتم التوجيه بانهاء التخريب بالمنطقة الشماليه ووجـه السيد رئيس اركان الجيش بالمباشرة بعمليات الانفال واعداد الخطــه اللازمــه وتقديم المتطلبات لذلك وحسب ما مبلغ الينا بموجب كتاب رئاسة اركان الجيش السري للغايـه وشخصي ١٠٢٤ في ٨/٨/١٩٨٨.

ك. تم عقد عـدد من الاجتماعات من قبل السيد قائد الفيلق مع هيئة الاركان وتم اعداد خطــه متكامله لتدمير المخربين في عموم قاطع الفيلق.

ل. جرى لقاء يوم ١٤/٨/٨٨ في مركز القيادة العامه للقوات المسلحه الرئيسي بحضور معاون رئيس اركان الجيش للعمليات ومدراء الحركات العسكريه وطيران الجيش للتداول بصدد الخطط المقبله لعمليات الانفال في منطقة الفيلق وقد تقرر ان يعمل الفيلق الاول فـي مناطق بالسيان والمساقوليات وان يعمل الفيلق الخامس في مناطق زيوه شكان ـ زاخــو في قاطع بهدينان. وحسب ما مبلغ بكتاب رئاسة اركان الجيش السري للغاية وشخصي ١٠٧٦ في ١٦/٨/١٩٨٨.

م. جرى لقاء في مقر قيادة الفيلق الاول في كركوك يوم ٢٠/٨/٨٨ وبحضور معاون رئيس اركــان الجيش للعمليات ومدراء الحركات العسكريه وطيران الجيش لمناقشة الخطط ومن ثم تحديــد يوم (ي) للعمليات الانفال يوم ٢٥/٨/٨٨ وحسب ما مبلغ من رئاسة اركان الجيــــش بكتابها سري للغايه وشخصي ١١٢٢ في ٢١/٨/١٩٨٨.

ن. جرى لقاء في مقر قيادة الفيلق الاول في كركوك يوم ٢٦/٨/٨٨ وبحضور مدير الحركـات العسكريه وتم الموافقــه النهائيه على الخطط وتم تحديد يوم ٢٨ آب ٨٨ بدلا من يوم ٢٧ اب ٨٨ لاكمال الاستحضارات وتم تحديد ساعة (س) مع الضياء الاول. حسب ما جاء بكتاب رئاسة اركان الجيش سري للغايه وشخصي ١١٢٥ في ٢٢/٨/١٩٨٨

س. اعتمدت الخطــه على التوجيهات الصادره من مكتب تنظيم الشمال والسيد رئيس اركان الجيش في المؤتمر المنعقد في كركوك يوم ٧ آب ١٩٨٨ ومرتكزاتها الاســاسيه.

اولا. العمل من الخارج الى الداخل لحصر المخربيـن وتدميرهـم.

ثانيا. استخدام اكبر حجم من افواج الدفاع الوطني وفي المناطق الاكثر تأثيرا.

ثالثا. استخدام القطعات الذاتيه لادامة زخم العمل وكسر شوكة المخربيـــــن وعدم اتاحـة الفرصــه امهم للتملص.

رابعا. تعدد اتجاهات العمل لتحقيق الحصـر والتطويـــق.

ـ ٢ ـ

سـ ـري للغايــــه

IST.A1962.006.005

005328

٢٧٢

سـري للغايه

(٣) الرتل الثالث

(أ) الامر : امر لواء

(ب) التاليف : ل مـش
٤ ف د وطني
عناصر اسناد اخرى حسب الحاجه

(جـ) الواجب

يدفع من ماركي (٦٤٩٦) سراتها العليا (٩١٩٢) سراتها السفلى (٩١٩١) شمده (٨٩٨٨) كاكهاه (٨٦٦٠) بكطاله (٨١٩١)

(٤) الرتل الرابع

(أ) الامر : امر لواء

(ب) التاليف : لمـش
٢ ف د وطني
عناصر اسناد اخرى حسب الحاجه

(جـ) الواجب

يدفع من اشران (٤٦٦٨) باتجاه الراقم ١٧٥١ (٥٢٦٢) والراقم ٢٠٤٦ (٥٣١٢) والراقم ٢٠٢٢ (٦٠١٤) حتى الراقم ١٨١٦ (٦٣٦٣)

ق مـش /٢٩

اولا • التجحفل

بالامره

لمـش ٤٣٥
لمـش ٢٣٨
لمـش ٨٤
ك د ب من لمـح ٨٠
سر مش الية من لمح ٨٠
مقر زائد سر ك مدرعات القدس
١٠٦ ف د وطني
ك م م /٦٤
ك م م /١
ك م مت / ٧٦٣
بط خ /٥ و ١٥
بط أ خ /٢٨٧
بط ٢ ك٩ /١٣٨٠
سر هم /٣ ك هم /١٨
سر هم /٣ لف هم /٨
٢٠ : لورى

١/

سـري للغايه

IST.A1962.006.020

# سەرچاوەو پەراوێزەکان

## سەرچاوەکان


1- کاری مەیدانی نوسەر بۆ ناوچەکە
2- مێدل ئێست ۆچ- جینۆساید لاعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حەمە ساڵح توفیق- خانەی وەرگێران چاپی دووەم -٢٠٠٤ لاپەرە٣٤٣
3- مێدیل ئێست ۆچ – پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حمەساڵح – خانەی وەرگێران- چاپی دووەم -٢٠٠٤ لاپەرە
4- هەمان سەرچاوە لەپەرە ٣٤٠.
5- دیداری نوسەر لەگەڵ هەڵمەت گوندی کوریمێ – ٢٨ی ئابی ٢٠١٢ کاتژمێر ٢ی پاشنیوەرۆ.
6- دیداری نوسەر لەگەڵ عەبدولکەریم نایف دەربازبووی کۆمەڵکوژی کوریمێ ٧ی ئایاری ٢٠١٣ هەولێر.
7- بروانە عەدالەت عومەر ساڵح –شالاوەکانی ئەنفالی هەشتەم (ئەنفالی کۆتایی) شیکردنەوەی پرۆسەی ئەنفالی کۆتایی لاپەرە ٣٩ – لیوارکن یونس محمد ئەلزەرەب
8- (خاتمة الانفال) ٢٥ی ئاب تا ٦ی ئەیلولی ١٩٨٨ لە راپۆرتێکی شیکاریی و بەڵگەنامەکانی رژێمی بەعس کە لەم لینکەی خـوارەوەدایە: http://www.anfalistan.com/2017/08/28/%D8%B4%D8%A7%DA%B5%D8%A7%D9%88%DB%95%D9%83%D8%A7%D9%86%DB%8C-%D8%A6%DB%95%D9%86%D9%81%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D9%87%DB%95%D8%B4%D8%AA%DB%95%D9%85-%D8%A6%DB%95%D9%86%D9%81%D8%A7%D9%84%DB%8C-%D9%83%DB%86/
9- بروانە مێدل ئێست ۆچ جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەرکوردچاپی دووەم- خانەی وەرگێران- سلێمانی-٢٠٠٤ –لاپەرە٤٠٠ . هەربۆزانیاری خوێنەران، قسەکانی عەلی حەسەن مەجید –کاسێتی ساڵی ١٩٨٩ کۆبوونەوەیەکە لەگەڵ بەرپرسانی حزب بۆ بەخێرهاتنەوەی حەسەن عەلی ئەلعامری و وەرگرتنی پۆستی نوسینگەی رێکخستنی باکوری حزبی بەعس لەکەرکوک کە پێشتر عەلی حەسەن مەجید بۆ تاوتوێ کردنی ئەنفال وەری گرتبوو، قسەکان لە ژمارە ٥ی ئەنفالستان لاپەرە ٢ بڵاوکراونەتەوە .
10- هەمان سەرچاوەی پێشوو لاپەرە ٤٠١
11- [1] هەمان سەرچاوە لاپەرە ٤٠٣
12- بروانە مێدل ئێست ۆچ- جینۆساید لاعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حەمە ساڵح توفیق- خانەی وەرگێران چاپی دووەم -٢٠٠٤ لاپەرە٣٤٣ .لاپەرە ٣٤٩
13- هەمان سەرچاوە لاپەرە ٣٥٠
14- بروانە مێدیل ئێست ۆچ جینۆساید لەعێراق وپەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد وەرگێرانی کوردی ٢٠٠٤ لاپەرە ٣٦٩.
15- [1] دیداری نوسەر لەگەڵ عەبدولقەهار خەلیل دەربازبوویەکی کۆمەڵکوژیەکەی کوریمێ. دهۆک – ناحیێ مانگێشک ٢٠١٣.
16- بروانە مێدل ئێست ۆچ جینۆساید لەعێراق و پەلاماری ئەنفال بۆسەر کورد- وەرگیری کوردی محەمەد حەمەساڵح توفیق- خانەی وەرگێران – چاپی دووەم ٢٠٠٤ لاپەرە ٣٧١-٣٧٢

17- [1] بروانە لیوارکن یونس محمد زەرب شیکردنەوەی عەمەلیاتی ئەنفالی کۆتایی"، لاپەرە 17 ـ 19. میدل ئیست ۆچ هەمان سەرچاوەی پێشوو هەمان لاپەرە ٣٧١

پەراوێزەکان :

1- بەپێی راپۆرتەکەی لیوارکن یونس محمد ئەلزەرب هەموو هێزی پێشـمەرگە لە ناوچەکەدا لە ٢٦٠٠ زیاتر نەبوون، ئەمەم لە نوینەگەی ناوبراودا نەدیتەوە بەڵام لە راپۆرتەکەی میدل ئیسـت ۆچدا باسـکراوە، بروانە میدل ئیسـت ۆچ- جینۆساید لاعێراق پەلاماری ئەنفال بۆسەرکورد- وەرگێرانی کوردی محەمەد حەمە ساڵح توفیق- خانەی وەرگێران چاپی دووەم -٢٠٠٤ لاپەرە٣٤٣

2- هێرشی محمد رسول الله ناوی ئەو هێرشانەی سوپای عێراق بوو، کە لەناوچەی ماوەت و پێنجوێن سوپای ئێرانی تێکشکاندو دواتریش لە دۆڵەڕوت و حەوزەی ماوتەوە بەهەمان ناوی محەمەد رەسول الله پەلاماری مالومەو چیای ئاسـنگەران و کونەکۆترو کەلکی قزلەریانداو شـەری دەسـتەویەخەیان لەگەڵ پێشـمەرگەدا دەکرد، ئەوسـا تیپی چوار (هێزی تایبەت) بە پێشـەوایەتی عصـممەت سـابرعومەر کە ناسـرابوون بەهێزەکانی قەعقاع رۆڵێکی درندانەیان بینی لەیەکلایی کردنەوە .

3- بەداخەوە لەســـەردانێکمدا بۆ گوندی کورێمی رۆژی ٢٧ی نیســـانی ســـاڵی ٢٠١٧ کاتێک هەواڵی هەڵمەتم پرســـی پێیانگوتم کەوا لە شەری داعشدا لە ساڵی ٢٠١٦ شەهید بووە . ئیدریس عەبدوڵا محەمەد حەسەن لەدایکبووی ساڵی ١٩٥٧ بوو، ئەو لە پێشـمەرگایەتیدا بەهەڵمەت ناسـراوەو وەک خۆی دەیگوت لەهەموو پێشـمەرگایەتیمدا تەنها ئەم ناوەم بۆ ماوەتەوە.

4- لەسـەروەختی ئەنفالدا عەمید روکن عبدالجلیل عبدلمحسـن، فەرماندەی تیپی ٢٩ بوو بارەگاکەی لەمانگیشـکی نزیک گوندی کورێمێ بوو، بەهۆی بەشداری کردنی لەتاوانی ئەنفالدا مەدالیای ئازایەتی وەرگرتووەولەلایەن (دادگای باڵای تاوانەکانی عێراق)یشەوە، یەکێکە لەتۆمەتبارانی ئەنفال وناوی لە لستی تۆمەتباراندا ژمارە (٧٤)ە. بەڵام ئەو لە ساڵی ١٩٩١ دوە گیراوەو بێســـەروشـــوێنە چونکە لەکاتی جەنگی کەنداودا کە فەرماندەی تیپی ٢٠ بوو لەکەرتی فەیلەقی چواردا، تیپەکەی لەدەوروبەری حفر الباطن بوو، لەکاتی هێرشـــەکانی هاوپەیمانان و لەکاتی راپەرینی شـــەعبانیەی باشووری عێراقدا، لە نزیک کویتەوە بەپیادە گەیشتبوونەوە ناوچەی رومیلەو لەوێشەوە بۆ عەمارە لە کۆتایی مانگی ئازاری سـاڵی (١٩٩١)دا کەوتە ناو بۆسـەیەکی هێزێکی ئێرانییەوە، کە لەناو خاکی ئێراق دایان نابوو، لەو بۆسـەیەدا گرتیان و لەگەڵ خۆیاندا بردیان تەنانەت دوای رووخانی رژێمیش چارەنووســـی هەربە نادیاری مایەوە، لەبارەی ئەوفەرماندە سەربازییەوە عەمید رکن نجیب الصالحی دەنوسێت پاسەوانێکی هەلی ئەوەی بۆ هەڵکەوتبوو کەهەڵبێت وبگاتەوە بارەگای تیپ ئەو هەموو شتێکی باسکردووە، هەروەها دەنوسێت: سەرۆکی ئەرکان عەمید رکن عبدالغنی عجیل ئەلئەســـەدی ) بە بێتەل لەکاتی گیرانیدا قســـەی لەگەلدا کردووە وتوویەتی ( هیلاک و ماندوو بووەو داوای لێکردووم کە هیچ فەرمانێک لەبارەی منەوە دەرمەکەو پەیوەندی پچراوە)[1] (رئيس الأركان العميد الركن "عبد الغني عجيل الاسدي" فيقول: اتصل بي القائد في لحظة وقوعه في الأسر بواسطة الجهاز اللاسلكي طالبا مني عدم تنفيذ أي أمر يصـدر منه لي بعد هذه اللحظة وكان من خلال صـوته الخافت يبدو متعبا وسـمعته يتألم وانقطع الاتصـال(!) سەرچاوە: (العميد الركن نجيب مصطفى الصالحي، الزلزال، ل١٦٢).

5- بەپێی ئەو بەڵگانەی دەســتم کەوتوون تیپی ٢٩ لەکەرتی فەیلەقی پێنجدا بەهۆی بەشـداری کاریگەریانەوە مەدالیای ئازایەتی و دیاری وبەخششـی سـەرک سـەدامیان وەرگرتووە، لەنوسراوی ژمارە /أ/٥٨١٢/١٨ ریکەوتی ١٠/ ت٢ / ١٩٨٨ کە ئاراسـتەی دیوانی سـەرۆکایەتی کراوەو بابەت / پاداشـت/ رەزامەندی سـەرۆکایەتی پێشـەوای گشـتی هێزەچەکدارەکان وەرگیراوە لەسـەر بەخشـینی (نوط الشـجاعە) مەدالیای ئازایەتی بەو ئەفسـەرانەی ناوەکانیان ریزکراوە لەگەڵ پلەکانیان بۆهەریەکەیان کەبەشـداری تاوانی ئەنفالی هەشـتەمیان کردووە .وێنەیەک بۆ / سـەرۆکایەتی کۆمار ( ئەلسـکرتێر) تکایە بفرەموون بۆ بەدواداچون ... لەگەڵ رێزدا . لە برگەی و - لەلاپەرە (٢) ی بەڵگەنامەکەدا کەنوسـراوێکە لەدیوانی سـەرۆکایەتیەوە ئاراسـتەی سـەرۆک کۆمار کراوە باس لەوەدەکات ئەو ئەفسـەرانەی کە ناویان هاتووە بریتین لە حەوت ئەفسـەری پلەبەرزی فەیلەقی یەک و هەشـت ئەفسـەری فەیلەقی پێنجو سێ ئەفسەری رازگر ئەوانەی پێشەوایەتی تیپەکانیان کردووە لە کەرتەکانی فەیلەقی یەکو پێنجدا لە پەلاماری

هەشتەم وئەنفالی کۆتایدا بەشدارییان کردووە رۆڵی بەرچاویان هەبووە، لەنیوان ٢٨ی ئاب هەتا ٢٣ی ئەیلولی ١٩٨٨ خەڵاتکراون بەبری ٥٠٠٠ پێنج هەزار دینارو بەخشینی کاتژمێرێکی دەستی کە وێنەی بەرێزتانی ( صدام حسێن) لەسەرە عەمید روکن عەبدول جەلیل عەبدولحەمید موحسین – پێشەوای (فق مش /٢٩) یە . خاڵی ز- ریزلێنانی هەڤاڵانی ڕازگری حزب لە ناو سوپادا کە ناویان هاتووە بری (٣٠٠٠) سێ هەزار دیناریان پێ بەخشراوە لەگەڵ کاتژمێریکی دەستی کە وێنەی سەدام حوسێنی لەسەرە .یەکەم ناو هەڤاڵ عەمید محمد خەیری محەمەد ڕازگری پێشەوایەتی ( شعبەی شەرحبیلی سەربازی تیپی ٢٩ یە.

6- سەبارەت بە فەتاح واباس دەکرا کە دواتر بێسەروشوێنکراوەتەوە بەڵام لەبەدواداچونمدا خاڵێکی خۆی بەناوی **(حاجی حەکیم یاقوب جاسم)**جەختی کردەوە لەسەر ئەوەی کە لەقەڵای نزارکێ چاوی لێی بووە کە بەعسیەکانی نزارکێ بەبلۆک کوشتوویانە . بەلام هێشتا تەرمەکەی نەدۆزراوەتەوە .

7- بە زمانی کرمانجی ژورو بادینی سەگڤان بەواتای دەست راست یان نیشان شکێن دێت.

8- لەکتێبەکەمدا (هاشم) کەدەربارەی یەکێک لەم دەربازبوانە نوسراوە، ناوی باوکی سەگڤان بەهەڵەنوسراوە لەبری حوسێن بە عەبدولا نوسرابوو .